ناوەندی راگەیاندنی

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

# "پەیــڕەوی ناوخـۆ"

# و

# "بەرنامەی سیاسی"

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پەسەنکراوی کۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵە

(کۆنگرەی ریفۆرم)

پووشپەڕی 1387 - ژوویيەی 2008

# پێڕست:

## 1) پەیڕەوی ناوخۆ

بەشی یەکەم: ناوو ئامانجەکان
بەشی دووهەم: بنەماکانی ڕێکخستن
بەشی سێهەم: پێکهاتەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە
بەشی چوارەم: کۆنگرە
بەشی پێنجەم: کۆنفرانس
بەشی شەشەم: ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیی ناوەندی
بەشی حەوتەم: ئەندامێتی
بەشی هەشتەم: لێپرسینەوەو سزا حیزبییەکان

## 2) بەرنامەی سیاسی

- بنەماو تەوەرە سەرەکییەکانی ڕێبازو سیاسەتەکانی کۆمەڵە
- روانگەی کۆمەڵە لە بەرانبەر مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکاندا

## 3) بەیانییەی کۆتایی کۆنگرە

(1)

# "پەیــــڕەوی ناوخــۆ"

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پەسەندکراوی کۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵە

(کۆنگرەی ریفۆرم)

پووشپەڕی 1387 - ژوویيەی 2008

# بەشی یەکەم: ناوو ئامانجەکان

### بەندی یەکەم:
### ناو:

ناوی تەواوی کۆمەڵە، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بووە کە لە ناو خەڵکی کوردستاندا بە «کۆمەڵە» یان «کۆمەڵەی زەحمەتکێشان» ناسراوە. لەمەو بەدوا لە نووسراوو راگەیاندنەکانداو بە رەسمی ناوی «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان» بەکار دەبرێت.

### بەندی 2:
### ئامانجەکان:

کۆمەڵە حیزبی چەپو سۆسیالیستیی خەڵکی کوردستانە. کۆمەڵە سیستمی سەرمایەداری بە سیستمێکی ناعادیلانە دەزانیو بۆ دامەزراندنی سیستمێک لەسەر بنەمای عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو ریفاهی گشتی خەبات دەکات.

کۆمەڵە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی کوردستان وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، بە مافی بێئەملاولا و دیموکراتیکی گەلی کورد دەزانێتو بۆ دەسەڵاتدارێتیی ئەم خەڵکە بەسەر زێدی خۆیدا پلان دادەنێتو خەبات دەکات.

ئێمە بە جیددیو راشکاوانە پشتیوانی لە مافی هەموو گەلان دەکەین بۆ سڕینەوەی ستەمی میللی لە ئێرانو بۆ خولقاندنی دەرفەتی

پێکەوە ژیانی برایانەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان، لە هەلومەرجی ئێستادا فیدرالیزم بە گونجاو دەزانین.

ئێمە یەکگرتوویی‌و خەباتی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان‌و هەموو چین‌و توێژە بێبەشەکان لە ئێران بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیە ئینسانی‌و دیموکراتیکەکانی خۆیان بە ڕەوا دەزانین، هەر بۆیە پشتیوانی، بەهێز کردن‌و پتەوترکردنی خەبات بۆ ئەم خواستانە بە بەشێکی گرنگ لە ئەرکەکانی خۆمان دادەنێین.

# بەشی دووهەم: بنەماکانی ڕێکخستن

## مادەی دووهەم:

بنەمای ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵەدا، دیموکراسیو بەشداری پێدانی هەموو کادرەکانو ئەندامان لە دیاریکردنو هەڵبژاردنی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەرێتیی ڕێکخستنیدایە. لەسەر ئەو بنەمایە ئەو خاڵانەی خوارەوە بنەمای هەڵسوکەوتە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیە:

1ـ هەڵبژاردەیی بوونی هەموو ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخستن لە خوارەوە هەتا سەرەوە، لە لایەن ئەندامانی ئەو بەشەی ڕێکخستن یان نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامان.

2ـ دیاریکراو بوونی دەورەکانی هەڵبژاردن بۆ هەموو ئۆرگانەکانی بەرپرسی ڕێکخستن.

3ـ خاوەن دەسەڵات بوونی ڕێکخستنە ناوچەییەکان بۆ بەرەوپێش بردن، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنو بەکارگرتنی سیاسەتەکانی حیزبو کۆمیتەی ناوەندی لە کاروباری ناوخۆو ناوچەیی پەیوەندیدار بە جوگرافیای چالاکییەکانیان.

۴ـ پارێزراوبوونی هەموو مافەکانی کەمایەتیی سیاسی لە بواری دەربڕینی بۆچوونەکانیان لەمەڕ مەسەلە سیاسیو عەقیدەتییەکان، لەوانە لە ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندندا، هاوکات لەگەڵ پابەندبوونی کەمایەتی بە پاراستنو بەڕێوەبردنی بنەماکانی حیزبو ئەرکە ڕێکخراوەییەکان بە تەواوەتی. ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ ئەوەی کەمایەتیە سیاسییە ڕاگەیەنراوەکان بتوانن بە پێی قورسایی خۆیان لە حیزبدا، لە کۆنگرەکان، کۆبوونەوە حیزبییەکانو بەو پێیە لە کۆمیتەو

ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیدا نوێنەرایەتی بکرێن.

**تێبینی:**

ا_ مەرجەکانی پێکهاتنی کەمایەتیە ڕێکخراوەییەکان بەوجۆرەیە کە دەبێ پلاتفۆرمی سیاسیی خۆیان بخەنە بەر دەستی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ ئەوەی لە ڕێگای کۆمیتەی ناوەندیەوە بخرێتە بەر دەستی حیزب هەتا بوونو بۆچوونەکانی ئەو گرووپبەندییە سیاسییە ڕەسمیەتی پێبدرێت.

ب_ گرووپبەندی یان ڕەسمیەتی فراکسیۆنێک لەسەر بنەمای پێرەوی ناوخۆ ئەوکاتەیە کە لانیکەم ٪10ی هەموو ئەندامانی ڕێکخراو پشتیوانیی لێبکەن.

پ_ فراکسیۆن (کەمایەتیی سیاسی) پێویستە بۆچوونی سیاسیو پلاتفۆرمی خۆی لە ئاستی کۆمەڵگادا رابگەیەنێت.

٥_ یەکسان بوونی دیسیپلینی حیزبی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵە.

٦_ گوێڕایەڵیی تاک لە بڕیارو پەسندکراوەکانی گشتو حیزب، گوێڕایەڵیی کەمایەتی سیاسی لە زۆرینە.

7_ گوێڕایەڵی ئۆرگانەکانی خوارەوە لە ئۆرگانەکانی سەرەوەو هەموو حیزب لە کۆمیتەی ناوەندی.

8_ کار پێکردنی ئەسڵی ڕێبەرایەتیی گشتیو باسو بڕیاردانی هاوبەش لە کۆمیتەکانو ناوەندەکانی بڕیارداندا.

9_ ڕەچاوکردنی ئەسڵی ئاشکراییو شەفافیەتو دیالۆگ لەگەڵ بزووتنەوە سەبارەت بە مەسەلە فیکریو سیاسییەکانو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندیدارن بە چارەنووسی کۆمەڵە، خەڵکو بزووتنەوەی کوردستان.

**تێبینی:**

بەڕێوەبردنی هەڵبژاردە بوونی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرایەتیی

حیزب بە تەواوەتی:

هەمـوو ئۆرگانەکانـی ڕێبەرایەتیـی حیزب لە ئاسـتە جۆراوجۆرەکاندا دەبێت هەڵبژاردەیی بێت. لە دۆخی پۆلیسیو دیکتاتۆریی ئێستای ئێرانو کوردسـتاندا، هەڵبژاردنـی ئۆرگانەکانـی بەڕێوەبەرایەتیـی شارسـتانو ناوچـە لـە ڕێکخسـتنی نهێنیـدا لەگـەڵ گرفتـی واقیعـیو پێویسـتیی ڕەچاوکردنی نهێنی کاری بەرەوڕوو دەبێت. لە وەها دۆخێکدا ناکرێت نوێنەرانی هەموو ئەندامانی شارسـتان یان ناوچەیەک لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا بەشـداری بکەن. هەربۆیە بەرپرسـانی شانە حیزبیەکان دەتوانن وەک نوێنـەری هەڵبژێـردراو بـن. دەبیری شـانە حیزبیـەکان کە خۆیان هەڵبژێردراوی ئەندامانن، دەتوانن کۆمیتەی گەڕەک یان کۆمیتەی گوند پێـک بهێنـنو ئـەم کۆمیتانـەش بەرپرسو دەبیـری خۆیـان هەڵبژێرن. دەبیـری کۆمیتـەی چەنـد گـەڕەک یـان ئاوایـی، کۆمیتە یـان ئۆرگانی ڕێبەریی ئەو شارە یان کۆدێیە پێک دەهێنن.

لە ئەگەری گۆڕانی دۆخی پۆلیسـیو ڕەخسـانی دەرفەتی هەڵبژاردنی ئـازاد، هەڵبژاردەیـی بـوون وەک هەمـوو بەشـەکانی دیکـەی حیزب، لە ڕێکخستنی ناوخۆی کوردستانیشدا ڕەچاو دەکرێت.

# بەشی سێهەم: پێکهاتەی رێکخراوەیی کۆمەڵە

## مادەی سێهەم:
## شانەی حیزبی

بناغەییترین یەکەی رێکخستنی کۆمەڵە، شانەی حیزبیە کە لە شوێنی کار، خوێندنگەو ژیانو شوێنە گشتیەکانی دیکەی گونجاو بۆ چالاکیی کۆمەڵە بە بەشداریی لانیکەم 3 ئەندامو لانی زۆر 7 ئەندام پێک دێت.
شانە حیزبیەکان یەکەمین رێکخستنو ئۆلگووی کاری حیزبین بۆ پەیوەندیی راستەوخۆو ئامادەبوون لە ناو جەماوەرداو بۆ بەرەوپێش بردنی کاری وشیاریدەرانە لە ناو خەڵکدا. شانە حیزبیەکان ئەرکیانە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا هەڵسووڕانیان بێتو نفووزی کۆمەڵە پەرە پێبدەن، بەرنامەو سیاسەتەکانی کۆمەڵە باس بکەن.

**تێبینی:**

دەکرێ لە ژێر چاودێریی کۆمیتەی رێکخستنی سەرەوەتردا، گرووپی تایبەت بۆ چالاکیو ئەرکی دیاریکراو یان بۆ دەورەیەکی کاتی پێک بهێنرێت یان لە نێوان شانە حیزبیەکاندا، شانەیەکی تایبەت ئەو

ئەرکانەی پێ بسپێردرێت.

**مادەی چوارەم:**
**کۆمیتەکان**

1_ بالآترین ئۆرگانی هەر ڕێکخستنێکی ناوچەیی، کۆمیتەی ئەو ڕێکخستنەیە. کۆمیتە بەرپرسی بەرەوپێش بردنی ڕێکخستنە بەپێی سیاسەتو پەسندکراوەکانی کۆمەڵەو پێداویستیەکانی خەباتی حیزبیو جەماوەری لە ناوچەی خۆی.
2_ هەر کۆمیتەیەک لە ناو ئەندامانی خۆیدا کەسێک وەک بەرپرس یان دەبیر هەڵدەبژێرێت. دەبیر پردی پەیوەندیی کۆمیتە لەگەڵ کۆمیتەی سەرەوەترەو بەرپرسایەتیی هاوئاهەنگ کردنو چاودێریی بەسەر چالاکییەکانی ئەندامانی کۆمیتەی لە دەرەوەی کۆبوونەوەی کۆمیتە، لە ئەستۆیە. دەبیری کۆمیتە چالاکیەکانی کۆمیتە بە ڕێکوپێکیو بەردەوامی بە ئاگاداریی کۆمیتەی سەرەوەتر دەگەیەنێت.
3_ شێوەی کار لە کۆمیتەکاندا بەپێی لێکدانەوەو بڕیاردانی گشتیو هاوکات لەگەڵ دابەشینی کارو کار پێسپاردنو کۆنترۆڵی تاکەوە دەبێت. بڕیاردان لە کۆمیتەکاندا بەپێی زۆرینەی دەنگ دەکرێت. هەر کۆمیتەیەک لە بەرامبەر ئۆرگانی سەرەوەی خۆیدا بەرپرسایەتیی گشتیی لە ئەستۆیە.

**مادەی پێنجەم:**

## ڕێکخستنی ناوچەکان

1_ ڕێکخستنە ناوچەییەکانی کۆمەڵە، بەپێی شوێن لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە شارەکاندا بریتین لە: ڕێکخستنی شوێنی کار، ڕێکخستنی گەڕەک، ڕێکخستنی شار. ڕێکخستنی ناوچەکان لە ئاواییەکان بریتین لە: ڕێکخستنی گوند، ڕێکخستنی بەخش. کۆی هەر دوویان واتە ڕێکخستنەکانی ناو شارو گوند، ڕێکخستنی شارستان پێک دەهێنن.

2_ هەر کام لەو ڕێکخستنانە لە ڕێگەی کۆمیتەی ئەو ڕێکخستنەوە ڕێبەری دەکرێت.

3_ کۆنفرانسی ڕێکخستنی شارستان بە بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێکخستنەکانی خوارەوەتر بەڕێوە دەچێت. کۆنفرانس سیاسەتو پلانی کاری ڕێکخستنی شارستانەکەی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەتو ئەولەویەتە گشتیەکانی کۆمەڵەو بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجو پێویستیەکانی کاری لۆکاڵی خۆی تاوتوێو پەسند دەکاتو کۆمیتەی شارستان هەڵدەبژێرێت.

**تێبینی:**

1: ڕێکخستنی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات یەکێک لە ڕێکخستنە سەرەکیەکانی کۆمەڵەیە کە لەمەڕ هەڵبژاردەیی بوونو دیموکراسیی ناوخۆییدا هەمان بنەماو پرەنسیپەکانی دیاریکراو لە پێڕەوی ناوخۆدا ڕەچاو دەکات. ئەم ڕێکخستنە بە لەبەرچاو گرتنی ژینگەی چالاکیەکانیو ئەو ئەرکە تایبەتانەی کە لەسەر شانیەتی، شێوەی کارو یاساکانی ڕێک هەموو ئەوانە نیە کە بۆ ڕێکخستنی ناوخۆ پێناسە دەکرێت. هەربۆیە ئەرکە تایبەتیو دیاریکراوەکانی لە ئاییننامەیەکی جیادا کە هەمان بنەماکانی

ڕێکخستنی پێڕەوی ناوخۆی تێدایە، لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە دیاری دەکرێت. ئەم ڕێکخستنە لەسەر بنەمای کۆمیتەی شارو وڵات ڕێک دەخرێتو ئەسڵی هەڵبژاردەیی بوون تێیدا ڕەچاو دەکرێت. هەروەها لە نێوان دوو کۆنگرەدا دەبێ لانیکەم دوو جار کۆنفرانس لە لایەن ئەندامانی ڕێکخستنەکانەوە بەڕێوەبچێت. کۆنفرانسی دەرەوەی وڵات، سیاسەتو چۆنیەتیی کاری ئێمە لەو ڕێکخستنە تاوتوێ دەکاتو ئەنجامی پێویست وەردەگرێتو هێڵەکانی چۆنیەتیی کاری داهاتووی دیاری دەکات.

2: ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، ئەرکو کارکردی تایبەتی خۆی هەیە کە شێوەی کارو یاساکانی لە ئاییننامەی هێزی پێشمەرگەدا دیاری دەکرێت.

**مادەی شەشەم:**

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە ناتوانێت دابەشکاریەکی ڕێکخراوەیی دیکە، جیا لەوەی لەم پێڕەوەدا پێشبینی کراوە، بەڕێوە ببات یان پێکی بێنێت. بەڵام دەتوانێت لەکاتی پێویستدا ئۆرگانی ستادیو نا ئەستوونیی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێسپێردراو یان پرۆژەی دیاریکراو، پێک بهێنێت. بەڵام ئەم ئۆرگانانە لە هیچ دۆخێکدا نابێت ئەرکو دەسەڵاتەکانی ئۆرگانو کۆمیتە حیزبیە هەڵبژێردراوەکان بەرتەسک بکەنەوە.

# بەشی چوارەم: کۆنگرە

**مادەی حەوتەم:** باڵاترین ئۆرگانی کۆمەڵە کۆنگرەیە کە دەبێ هەر 3 ساڵ جارێک بە بانگهێشتی کۆمیتەی ناوەندی ببەسترێتو بەڕێوە بردنی بڕیارەکانی بۆ هەموو حیزب پێویستە. کۆنگرە لە کاتی دیاریکراو لە پێرەوی ناوخۆدا لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بانگهێشتو ئامادەکاریی بۆ دەکرێت.

**تێبینی:**

1: کۆمیتەی ناوەندی دەبێ لانیکەم ۶ مانگ پێش بەڕێوە چوونی کۆنگرە، لە نێوان ئەندامانی خۆیدا، کۆمیسیۆنێک بۆ ئامادەکاریی کۆنگرە رێک بخات. ئەم کۆمیسیۆنە ئەرکی سەر شانیەتی کۆمیسیۆنگەلی دیاریکراو لە نێوان ئەندامانی خۆی، کادرەکانو رێکخستن، بۆ هەر کام لە باسە پێشنیارکراوەکانی کۆنگرە، بە کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار بکاتو رێکخستنو چۆنیەتیی کارەکەیان بە پەسندی کۆمیتەی ناوەندی بگەیەنێت.

2: هەڵبژاردنەکان بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی کۆنگرە دەبێ نزیک بە

2 مانگ پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرە کۆتایی پێبێت. هەر پێشنیارێک بۆ باس لێکردن لە ئەجندای کاری کۆنگرەدا، دەبێت لانیکەم 1۵ رۆژ پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرە بدرێت بە کۆمیسیۆنی ئامادەکاری کۆنگرە.
3: لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی نائاسـاییدا، کاتی ۶ مانگ بۆ 3 مانگـو کەمتر لەوەش کەم دەکرێتەوە.

### مادەی هەشتەم:
### ئەرکـو دەسەڵاتەکانی کۆنگرە

### کۆنگرەی کۆمەڵە:
1_ بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پەسند یان دەستکاری دەکات.
2_ ڕێبازی سیاسیی کۆمەڵە، مەسەلە ستراتیژیەکانو تاکتیکە گرنگـو پێویستەکان تاوتوێو دەستنیشان دەکات.
3_ راپۆرتـی کۆمیتـەی ناوەندیو کارکردی ئـەو کۆمیتەیەو ئۆرگانە سەرەکیەکانی کۆمەڵە لە ماوەی دوو کۆنگرەدا تاوتوێ دەکات.
۴_ هەموو ئەندامانو جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێت.

### مادەی نۆیەم:
بەشداربووانی کۆنگرە بریتین لە:
1_ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەر کام لە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵە بە پێی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ڕێکخستنانە.
2_ ئەندامانو جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی.

**تێبینی:**
1: ئەندامـانو جێگرەکانـی کۆمیتـەی ناوەندی لە کۆنگـرەدا خاوەنی

دەنـگ دەبـن بـەو مەرجەی کـۆی نوێنەرانی خاوەن دەنگ لـە کۆنگرەدا بەگشـتی زیاتـر لـە سـێ ئەوەنـدەی ژمـارەی ئەندامـانو جێگرەکانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی بێـت. ئەگـەر لـە ئایینناەمـەی کۆنگـرەدا ئـەم مەرجە رەچـاو نەکرابێـت، ئەندامانو جێگرەکانی کۆمیتـەی ناوەندی بۆ ئەوەی خـاوەن دەنـگ بـن، دەبێ لە یەکێـک لە ناوەندەکانـی هەڵبژاردندا وەک نوێنەر هەڵبژێردرابن.

2: یاسـاکانو رێـژەی هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی کۆنگـرە، لانیکـەم 3 مانـگ پێـش کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە، دەبێ بە ئاگاداریی ئەندامانو رێکخسـتنی ناوچەکان بگات. ئەم ئاییننامەیە بەپێی بنەما سـەرەکیەکانی باسکراو لە پێڕەوی ناوخۆو لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە ئامادە دەکرێت.

3: کۆمیتـەی ناوەنـدی دەتوانـێ ئەندامانێـک لـە رێکخسـتنەکان وەک چاودێر بۆ کۆنگرە بانگهێشت بکات.

۴: کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ لە نێوان حیزبو گرووپو کەسایەتیەکاندا، کەسانێک وەک میوان یان چاودێر بۆ کۆنگرە بانگهێشت بکات.

**مادەی دەیەم:**
**رەسمی بوونی کۆنگرە**

بە بەشـداریی 2 لەسـەر 3ی نوێنەرانی خاوەن دەنگ، کۆنگرە رەسمی دەبێتو دەبەسترێتو بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ پەسند دەکرێت.

**مادەی پانزەیەم:**
**کۆنگرەی نائاسایی**

1_ کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێت بانگهێشتی کۆنگرەی نائاسایی بکات.

2_ ئەگەر نیوەی ئەندامانی کۆمەڵە خوازیاری بەستنی کۆنگرەی نائاسایی بن، ئەرکی کۆمیتەی ناوەندیە بانگەوازی بۆ بدات.

# بەشی پێنج: کۆنفرانس

**مادەی 12:** ئەگەر گۆڕانکاریی دۆخی سیاسی‌و یان پێشهاتنی مەسەلەی گرنگی حیزبی، راوێژ یان پەسندکردنی بڕیار لە ئاستێکی بەرینتر لە کۆمیتەی ناوەندی بخوازێت، پێویستە کۆنفرانسی کۆمەڵە بە بانگهێشتی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوە بچێت.

**مادەی 13:** بەشداربووانی خاوەن دەنگ لە کۆنفرانس بریتی دەبن لە ئەندامانو جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی‌و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی رێکخستنەکانو کۆمیتە سەرەکیەکان تا ئاستی کۆمیتەی شارستانو بڕیارەکانی بۆ هەموو حیزب پێویستە بەڕێوە ببرێت.

**تێبینی:**

کۆنفرانس بە بەشداری 2 لەسەر 3ی ئەندامانی خاوەن دەنگ، رەسمی دەبێتو دەبەسترێتو بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ پەسند دەکرێت. ژمارەی نوێنەرانی کۆنفرانس نابێ لە 2 هێندەی ئەندامانو جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی کەمتر بێت.

# بەشی شەشەم: ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیی ناوەندی

**مـادەی 14:** لـە نێـوان دوو کۆنگـرەدا، کۆمیتـەی ناوەنـدی باڵاتریـن ئۆرگانـی کۆمەڵەیـەو هەموو لایەنەکانی چالاکیی سیاسـیو ڕێکخراوەیی بەڕێوە دەباتو بەڕێوە بردنی بڕیارەکانی بۆ هەموان پێویستە.

**تێبینی:**
1: ئەو کەسانە دەتوانن کاندیدی ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی بن کە لـە ریزبەندیـی کادرەکاندا، خاوەنی مەرجەکانی باڵاترین ئاسـتی کادر بنو ناوەندێکی ڕەسمیی حیزب ئەوەی سەلماندبێت.
2: کارکردو بەرپرسـایەتیو دۆسـیەی ناو ڕێکخسـتنی هەر کەسـێکی کاندیدی کۆمیتەی ناوەندی دەبێ پێشتر بخرێتە بەر دەستی نوێنەرانو حیزب.

**مادەی 15:**

**ئەرکو دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی**
1: بەرپرسی بەڕێوەبردنو پێشقەچوونی پەسندکراوەکانی کۆنگرەیە.
2: دامـەزراوەو ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکانـی حیـزب ڕێبەرایەتـی، ڕێنوێنیو هاوئاهەنگ دەکات.
3: کۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ حیزبو هێزە سیاسیە جۆراوجۆرەکاندا نوێنەرایەتیی دەکاتو لەو کاتانەدا سیاسەت دادەڕێژێت.
٤: هێڵـی پڕوپاگەنـدەی سیاسـی لـە ڕێـگای ئـۆرگانو بڵاوکـراوە ناوەندیەکانو هەروەها لە ڕێگای ڕێنوێنیی پێویستەوە، بەڕێوە دەبات.
٥: هەمـوو داراییـو دەزگای خەزێنـەی ناوەنـدی کۆنتـڕۆڵ

دەکات، بودجەی حیزب پەسندو کۆنترۆڵ دەکات. سەرچاوەی ماڵیو سەرمایەگوزاریی کۆمەڵە بە دەستەوە دەگرێت. ڕێکخستنیان دیاری دەکات، پێناسەو کۆنترۆڵی دەکاتو هەموو بودجەی کۆمەڵە بۆ خەرجی پێویستی خەباتو تێکۆشان تەرخان دەکات.

**تێبینی:**
هیچ گۆڕانکاریەک لە بودجەی دیاریکراودا بە بێ دەنگی کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی، ناکرێت.

٦: لە نێو خۆیدا سکرتێر، جێگر یان جێگرەکانی سکرتێرو ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێرێت.

7: بە پێکهێنانی میکانیزمی پێویست، هەر 3 مانگ جارێک کۆمیتەکانی ڕێکخستنو هەموو حیزب بە ڕێکوپێکیو بەردەوامی لە ڕەوتی کارە گشتیەکانی حیزبو کارکردی خۆی ئاگادار دەکاتەوەو لە بۆچوونەکانیان ئاگادار دەبێتەوە.

8: مانگانە لە ڕێگای دەفتەری سیاسیەوە، ڕاپۆرتی کاری هەموو ئەندامانی خۆی وەردەگرێتو ڕاپۆرتی کاری خۆی بە کۆنگرە پێشکەش دەکات.

## مادەی 16: پلێنۆم

کۆبوونەوەی گشتیو بەرینی کۆمیتەی ناوەندی (پلێنۆم)، لانیکەم هەر ٦ مانگ جارێک بە بانگهێشتی دەبیری کۆمیتە، دەفتەری سیاسیو یان داوای نیوەی ئەندامەکانی دەبەسترێت. ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی بە دەنگی ڕاوێژکارانە (رأی مشورتی) لەم کۆبوونەوانەدا بەشدار دەبن. ڕاوێژکارەکانی کۆمیتەی ناوەندیش لە پلێنۆمەکاندا

بەشداری دەکەن.

**تێبینی:** کۆمیتەی ناوەندی خاوەنی ژمارەیەک راوێژکار دەبێت کە لە لایەن خۆیەوە هەڵدەبژێردرێنو ژمارەیان لانی زۆر نابێت لە نیوەی کۆمیتەی ناوەندی زیاتر بێت.

## مادەی 17:
## دەفتەری سیاسی

1: لە نێوان دوو پلینۆمدا ڕێبەرایەتیی حیزب (کۆمەڵە)ی لە ئەستۆیە.
2: بەرپرسی بەڕێوەچوونی پەسندکراوەو بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیەو راپۆرتی کاری خۆیو کۆمیسیۆنەکانی ناوەندی بە دانیشتنی کۆمیتەی ناوەندی (پلینۆم) پێشکەش دەکات.
3: دەفتەری سیاسی دەتوانێ کۆمیتەی ناوەندی بۆ دانیشتنی نائاسایی بانگهێشت بکات.
۴: دەفتەری سیاسی لە نێوان ئەندامانی خۆیدا بەرپرس یان دەبیری کۆمیسیۆنەکانی ناوەندی دیاری دەکات.

## مادەی 18:
## کۆمیسیۆنەکانی ناوەندی

1: کۆمیتەی ناوەندی لە نێوان ئەندامانی خۆیو جێگرەکانیو ئەگەر پێویست بوو لە نێوان راوێژکارەکانی، ئەندامانی کۆمیسیۆنەکانی ناوەندیی دیاری دەکات.
2: کۆمیسیۆنەکانی ناوەندیی کۆمەڵە بریتین لە: کۆمیسیۆنی داراییو

سامان، کۆمیسیۆنی راگەیاندن، کۆمیسیۆنی پەروەردەو بارهێنان، کۆمیسیۆنی ڕێکخستن، کۆمیسیۆنی نیزامیو کۆمیسیۆنی پەیوەندیەکان (پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانیو ئێرانیەکانو پەیوەندیەکانی دەرەوە)، کۆمیسیۆنی چاودێری. شێوازو یاساکانی کاری کۆمیسیۆنەکانی ناوەندیی هەر لەسەر هەمان یاساکانی کاری کۆمیتەیی دیاریکراو لە پێرەوی ناوخۆدایە.

3: سکرتاریەتو بەشی ئەمنیەتی، دوو ئۆرگانی تایبەتن کە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە ڕێک دەخرێنو یاساکانی کار کردنیان لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی دیاری دەکرێت.

### مادەی 19:
### سکرتێری کۆمەڵە

1: سکرتێری گشتی ئەندامی دەفتەری سیاسیەو هاوئاهەنگیو چاودێریی بەسەر کارکردی کۆمیسیۆنەکانی کۆمیتەی ناوەندیی لە ئەستۆیە. لە یەکەمین پلێنۆمی دوای کۆنگرە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە هەڵدەبژێردرێت.

2: سکرتێر جیا لە ئەرکەکانی دەبیریی کۆمیتەی ناوەندیو بەدواداچوونی پەسندکراوەکانی، لە کاتی پێویستدا نوێنەرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە روو لە دەرەوەو لە ئاستی کۆمەڵگا، راگەیەنە گشتیەکانو هێزە سیاسیە جۆراوجۆرەکاندا لە ئەستۆی دەبێت.

3: سکرتێر لە بەرامبەر کۆمیتەی ناوەندیو لە نێوان دوو پلێنۆمدا لە بەرامبەر دەفتەری سیاسیدا وەڵامدەرەوەیە. راپۆرتی کاری خۆی بە بەردەوامی بە کۆمیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسی دەدات.

۴: سکرتێر خاوەنی یەک یان دوو جێگر دەبێت. دیاریکردنی

ژمارەی جێگرەکانو هەڵبژاردنی جێگرەکان لە دەسەڵاتی پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا دەبێت.

٥: سکرتێر تەنیا دەتوانێت دوو دەورەی لەسەر یەک (مەبەست ماوەی 2 کۆنگرە لەسەر یەک، واتە لانی زۆر ٦ ساڵ) خۆی بۆ پۆستی سکرتێری کاندید بکات.

٦: لە دەرەوەی کۆبوونەوەکانی د.س، کاتێک بڕیارێک لە لایەن د.س یان ک.ن پەسند نەکرابێت، سکرتێر بە کۆبوونەوە لەگەڵ جێگر یان جێگرەکانیو ڕاپرسیو ڕاوێژ لەگەڵ دەبیری بواری پەیوەندیدار، بڕیار دەدات.

# بەشی حەوت: ئەندامەتی

## مادەی 20:
### مەرجەکانی ئەندامەتی

ئەندامی کۆمەڵە ئەو کەسەیە کە:
1: بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی قبوول بێتو پەیڕەوی لێبکات.
2: لە یەکێک لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا کار بکات.
3: حەقی ئەندامەتی بە حیزب بدات.

## مادەی 21:
### وەرگرتنی ئەندام

هەر کەسێکی خوازیاری ئەندامەتی، جیا لەو مەرجانەی سەرەوە، کاتێک وەک ئەندام وەردەگیرێت کە:
1: دوو ئەندام پێشنیاری بکەن کە پێشینەی ئەندامەتیەکەیان لە 2 ساڵ کەمتر نەبێت.
2: کۆمیتەیەکی ڕێکخستن ئامادەی ئەوە بێت وەک ئەندام وەریبگرێت.
3: ئەندامی نوێ دەبێت لانیکەم دەورەیەکی ٦ مانگە وەک

بەرئەنـدام ( مـاوەی تاقیکردنەوە ) تێپەر بـکات، بۆ ئەوەی ئەندامەتیەکەی ڕەسمی ببێتەوە.

**تێبینی:**
وەرگرتنی ئەندام لە هەموو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بە پەسند کردنی کۆمیتـەی ئـەو ڕێکخسـتنە دەبێـت. لـە نموونـەی تایبەتدا کـە داواکاری ئەندامەتـی پەیوەندیـی بـە ڕێکخسـتنەکانەوە نەبێت، کۆمیتـەی ناوەندی خۆی دۆسیەی وەرگرتنی تاوتوێ دەکات.

## مادەی 22:
## ئەرکەکان

هەر ئەندامێکی کۆمەڵە ئەرکی سەر شانیەتی:
1: پەیڕەوی لە پیڕەوی ناوخۆو پرەنسیپو بڕیارەکانی کۆمەڵە بکاتو دیسیپلینی حیزبی بپارێزێت.
2: ئەرکە پێسپێردراوەکانی بە باشی ڕاپەڕێنێت.
3: لە پاراسـتنی نهێنیەکانو دۆکیۆمێنتو داراییو سـامانی حیزبدا تێبکۆشێت.
۴: پارێزەری شێلگیری ئامانجو بنەماکانی کۆمەڵە بێتو بە دڵسۆزیو هەسـتیاریی تـەواوەوە بـۆ بەهێزکردنی حیـزبو پاراسـتنو پتەوکردنی یەکێتیو یەکڕیزیی تێبکۆشێت.
۵: شـێلگیرانە خەبات بۆ ڕزگاریی خەڵکی کوردسـتانو چینو توێژە ستەملێکراوەکان بکاتو پەیوەندییو هاوپشتیی کۆمەڵە لەگەڵ کۆمەڵانی کرێکارو زەحمەتکێش پەرە پێبداتو پتەوی بکات.

۶: له بردنه سەرەوەی ئاستی وشیاریی سیاسیی خۆی له ناو ریزەکانداو له شوێنی کارو تێکۆشانی هەوڵ بدات.
7: راپۆرتی چالاکیەکانی خۆی به وردی به حیزب بداتەوە.
8: له بەرامبەر هەڵەو کەموکورتیەکانی خۆیو دیتراندا به هەستی بەرپرسایەتیی شۆڕشگێڕانەو به مەبەستی بارهێنانو پەروەردە کردنو نەهێشتنی کەموکورتیەکان، له پێناو راست کردنەوەو قەرەبوو کردنەوەیدا هەوڵ بدات.

## مادەی 23:
## مافەکانی ئەندام

هەر ئەندامێکی کۆمەڵە مافی ئەوەی هەیه کە:
1: له باسو دیالۆگەکانو کاریگەریی لەسەر هەڵویستو سیاسەتەکانی کۆمەڵە، له رێگای کۆبوونەوەو بڵاوکراوەکانی ناوخۆوە بەشدار بێت. هەروەها ئەندامی کۆمەڵە مافی خۆیەتی بۆچوونی سیاسیی خۆی به ئاگاداری هەموان بگەیەنێت.
2: له کۆبوونەوە حیزبیەکاندا رەخنه له هەر بەرپرسو ئۆرگانێکی حیزب بگرێت.
3: له بڕیارو سیاسەتەکانی بەشی رێکخستنی خۆی ئاگادار بێتو بۆچوون، پێشنیارو رەخنەکانی خۆی لەگەڵ هەموو ئۆرگانەکانی سەرەوەو لەوانه کۆمیتەی ناوەندیو کۆنگرە باس بکات.
۴: له هەڵبژاردنه جۆراوجۆرەکانی حیزبدا بەپێی یاساکان بەشداری بکات، هەڵبژێرێتو هەڵبژێردرێت.

## مادەی 2۴:

## دانەوەی ئەندامەتی

پەیوەست بوون بە ریزەکانی کۆمەڵەو ئەندامەتی تێیدا دڵخوازەو بەپێی هەست کردن بە پێویستیەکانی خەباتو بڕیاری وشیارانەی تاکەکانو بۆ خزمەت بە ئامانجی خەباتکارانەو سیاسی ئەم حیزبەیە. دەست کێشانەوە لە ئەندامیەتیش کارێکی ئازادانەیەو هەر ئەندامێکی کۆمەڵە دەتوانێت بە خواستی خۆی دەست لە ئەندامەتی بکێشێتەوە.

ئەندامی خوازیاری دەست کێشانەوە دەبێت ئەم خواستە بە رەسمی بە کۆمیتەی سەرەوەی خۆی رابگەیەنێتو پێویستە هەموو بەرپرسایەتیە رێکخراوەییەکانیو هەروەها داراییو بەڵگەنامەکانی حیزب کە لە لایەتی، بداتەوە بە حیزبو تەسویە حیساب بکات. کۆمیتەی سەرەوە، قبوول کردنی دەست کێشانەوەکەی بە رەسمی پێ رادەگەیەنێت.

## مادەی 25:

## ئەندامەتیی گرووپو دەستە لە کۆمەڵەدا

1: ئەگەرچی ئەندامەتی وەک بنەما، کارێکی تاکە کەسیە، بەڵام لە دۆخی سیاسیی تایبەتدا دەکرێ گرووپو دەستەش بە تێکڕا ببنە ئەندامی کۆمەڵە.

2: وەرگرتنی ئەو گرووپانەو رێکخستنی چۆنیەتیی پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵیان، لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندیدایە.

## بەشی هەشت: لێپرسینەوەو سزا حیزبییەکان

**مادەی 26:**
**دیسیپلینو خەتا**

بۆ حیزبێکی شۆڕشگێڕی چەپو مودێرن، بەتایبەت لە دۆخی حاکمیەتو دیکتاتۆریو سەرکوتگەریی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، ئامادەیی بەهێزی هێزە کۆنەپەرستەکانو لە ئارادا بوونی خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە، پابەند بوون بە دیسیپلینی پتەوی حیزبی لە پێویستیەکانی مانەوەو پێشڕەویو سەرکەوتنە. هەر بۆیە لە کاتی کەمتەرخەمیی ئەندامان لە بەڕێوە بردنی ئەرکەکانو یان پێشێل کردنی یاساکانی حیزب، ئەم بڕیارانە بە گوێرەی ئەو هەڵەیەی روویداوە، رەچاو دەکرێت:

1: ئاگادار کردنەوەی رەخنەیی بە نووسراو
2: سەرکۆنەکردن

3: هەڵپەساردنی ئەندامەتی
۴: لێسەندنەوەی ئەندامەتی

**مادەی 27:**

**چۆنیەتیی بەڕێوەبردنو داوای پێداچوونەوە بەسەر بڕیاری بەرخورد کردندا**

1: رەچاو کردنی بڕیاری سزا بۆ ئەندامان، جگە لە حوکمی دەرکردن کە پەسند کردنە ئاخریەکەی لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندیدایە، لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ئەو رێکخستنەیە کە ئەندامەکە تێیدا کار دەکات.
2: ئەندامی هەڵپەسێردراو یان دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە کۆبوونەوەیەکدا بە مەبەستی تاوتوێ کردنی مەسەلەکەی، بەشداری بکاتو داکۆکی لە خۆی بکات. باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە دەبێ تۆمار بکرێت.
3: هەر ئەندامێک مافی ئەوەی هەیە کە لە کۆمیتەی سەرەوەتر داوای هەڵوەشاندنەوە یان پێداچوونەوە بە حوکمەکەی بکات. بڕیاری کۆمیتەی سەرەوەتر یەکلایی دەکاتەوە.
۴: ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە سکاڵا بەرێتە کۆنگرەو داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی پەسندکراو بکات.

**مادەی 28:**

**سزای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی**

1: سەرکۆنەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە دەسەڵاتی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدایە.
2: هەڵپەساردنی ئەندامەتیی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە دەسەڵاتی کۆنفرانسێکی پێکهاتوو لە ئەندامانو جێگرەکانی کۆمیتە ناوەندیو نوێنەرانی ڕێکخستنەکان، تا ئاستی ڕێکخستنی شارستانە. ڕێژەی پێویست بۆ بڕیاردان لەمبارەیەوە 2 لەسەر 3ی دەنگەکانە. لە ئەگەری بڕیاردان بۆ هەڵپەساردنی ئەندامەتی لە لایەن کۆنفرانسەوە، ئەو کەسە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی لە دەست دەدات.
3: دەرکردنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆمەڵە لە دەسەڵاتی کۆنگرە دایە.

### مادەی 29:

یاساکانی پلەبەندی کادرەکانو یاساکانی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی حیزب لە ئاییننامەیەکی جیادا وەک پاشکۆی پێڕەوی ناوخۆ، ئامادە دەکرێت.

(2)

# "بەرنامەی سیاسی"

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پەسەندکراوی کۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵە

(کۆنگرەی ریفۆرم)

پووشپەڕی 1387 - ژوویيەی 2008

# بەشی یەکەم:
# بنەماو تەوەرە سەرەکییەکانی ڕێبازو سیاسەتەکانی کۆمەڵە

1. کۆمەڵەو پرسی نەتەوەیی لە کوردستان
- سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان
- کۆمەڵەو حیزبە کوردستانییەکان
- سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکەی دانیشتوی ئێران
- سەبارەت بە پیلانی هێنانەگۆڕی باسی جوداییخوازی لە ئێران‌و مەسەلەی یەکپارچەیی خاکی ئێران

2. کۆمەڵەو مەسەلەی فیدرالیزم
- ئاڵترناتیڤی شێوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا

3. کۆمەڵەو بزووتنەوەی کرێکاری‌و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە
- سیاسەتی ئێمە لە حاست خەباتی کرێکاری لە کوردستان
- کۆمەڵەو بزوتنەوەی ژنان

۴. کۆمەڵەو ستراتیژی سوسیالیستی‌و پەرەپێدانی دیموکراسی (سوسیالیزمی دیموکراتیک)
- پلۆرالیزمی سوسیالیستی
- لەگۆڕەپانی سیاسی ئێراندا
- بزوتنەوەی کرێکاری

# بەشی دووهەم: روانگەی کۆمەڵە لە بەرانبەر مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکاندا

1. بەهاو بنەماکانی سیستمی دیموکراتیک
2. لەسەر بەیانییەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ
3. سەبارەت بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی
۴. کۆمەڵەو مەسەلەی ئایین
۵. ئێعتیادو ماددەسڕکەرەکان
۶. دژایەتی لەگەڵ شەڕو چەکی کۆمەڵکوژ
7. مافی مندالان، کارکردنی مندالانو کێشەی مندالانی سەرشەقام
8. دابینکردنی سیستمی فێرکردنو بارهێنان بە خۆڕایی، بۆ هەمووان
9. دابینکردنی پێداویستییە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەسالاچووان و...
10. پێویستیی هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدام
11. دژایەتی لەگەڵ سزادانی جەستەیی بەتایبەت لە پێشچاوی خەڵک
12. دەربارەی سەرچاوە سروشتییەکان، ژینگەو ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان

# پێشەکی

ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری لە چەند دەیەی رابردوودا، گۆڕانکاریی بەرچاوی لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستاندا پێکهێناوە. کۆمەڵە کە پتر لە سی ساڵە کاریگەریی لەسەر بواری کۆمەڵایەتیو سیاسی ژیانی خەلک لە کوردستاندا هەیە، سەرەڕای ئەوەی لەباری تەشکیلاتیو سیاسییەوە زۆرجار گەشەی کردووەو زۆرجاریش تووشی کەندوکۆسپ بووە، بەڵام بەردەوام داکۆکیکاری مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووەو، بەکردەوە بەشێک لە خەبات بۆ رزگاری خەڵکی کردستان لە ستەمی نەتەوایەتیو، خەباتکاری شێلگیری رێگای رزگاریی ستەملێکراوانو چینە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا بووەو پەرەپێدەری فەرهەنگی پێشکەوتووو عەداڵەتخوازانە بووە.

ئاڵوگۆڕە سیاسیو ئابورییەکانو قووڵتربوونەوەی کەلێنی چینایەتیو گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لە کوردستان، حوزووری رەوتێکی چەپو عەداڵەتخواز بۆ رزگاریی خەڵکی کوردستانو چینە زوڵملێکراوەکانی، کردووەتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر. کوردستان لە کۆمەڵگایەکی ساکارو سوننەتییەوە، بەرەو کۆمەڵگایەکی لێکئاڵاوتر، رێکخراوترو مۆدێرنتر دەڕوا. کوردستانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئێران زیاتر لە هەر کاتێک پێویستی بە حیزبێکی سوسیالیستی، ئازادیخوازو خەباتکار هەیە کە رابەرایەتیی خەباتی نەتەوایەتیو دیموکراتیکی ئەم نەتەوەیە بگرێتە ئەستۆ.

گوشاری نێوخۆییو نێودەوڵەتی لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران توندتر بوونەتەوەو کۆمەڵگای ئێرانو کوردستان لەسەروبەندی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیدان. کوردستان لە کاتی رووданی هەر ئاڵوگۆڕێکی

سیاسیو کۆمەڵایەتی زۆرترین ئامادەیی بۆ راپەڕینو هەڵگرتنی هەنگاوی گەورە بەرەو ئاواتە لەمێژینەکانی هەیە.

بزوتنـەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد جوگرافیایەکی بەرینتری لەخۆ گرتووە. ئەم جووڵانەوەیە وەها تێکەڵ بە ژیانو ئاواتەکانی خەڵک بووە کە چارەسەری یەکجاریو دیموکراتیکی مەسەلەی کوردو، رزگاری ئەم نەتەوەیە لە ستەم، دیکتاتۆریو کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی سەربازیی، بووەتـە فاکتورێکی تاکتیکیو ستـراتیژیک بۆ رەوتە سوسیالیستـەکان. خەبـات بـۆ رزگاری نەتەوەیـیو هەوڵـدان بـۆ دەستـەبەرکردنی مافـی یەکسـانی ئەم نەتەوەیە لەگەڵ باقی نەتەوە ئازادەکانی جیهان، بەشـێک لە خەباتی رزگاریخوازانەو عەدەلەتخوازانەی کۆمەڵەیە.

کۆمەڵـە بـە پشتبەستـن بـە مێـژووی پرشـنگداری سـاڵەکانی پـاش دەسپێکردنی خەباتی ئاشکرای لە رێبەندانی ساڵی 1357ی هەتاویدا، سەرەڕای هەڵە سیاسییەکانی، بە رەخنەی گونجاوو شەفاف لە رابردووی خـۆی، دەتوانـێ ببێتـەوە جێـگای هێـوای جەمـاوەری بەرینـی خەڵکـی کوردسـتانو لـە هەلێکـی مێژوویـی دیکـەدا خەباتـی ئـەم نەتەوەیـە بـۆ دەسـتبەرکردنی مافە ئابوریو سیاسـییەکانی رێـک بخاتو رێبەرایەتی بـکا. بارودۆخـی رووڵەگۆڕانی ئەمڕۆکە، ئەو راستـییە بـۆ کۆمەڵە وەک بەشێکی بزوتنەوەی چەپو سوسیالیستی لە کوردستان دووپات دەکاتەوە کە پێویستە روانگە سیاسییەکانی خۆی راشکاوانە باس بکا.

# بەشی یەکەم: بنەماو تەوەرە سەرەکییەکانی ڕێبازو سیاسەتەکانی کۆمەڵە

## 1. کۆمەڵەو پرسی نەتەوەیی

کۆمەڵە، ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان بە سەرەکیترین گرفتو ململانێی ئەم کۆمەڵگایە دەزانێ. سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، وشیاریو هاوپشتی نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرزدا نەبوو، بەڵام دامەزرانی کۆماری کوردستان کە پشتی بە بارودۆخی نێونەتەوەیی ئەو سەردەم بەستبوو، تینوتەوژمێکی بەرچاوی بە خەباتی خەڵکی کورد بۆ رزگاری نەتەوەیی لە کوردستانی بندەسەڵاتی ئێران بەخشی. شێوازی دیموکراتیکی کۆماری کوردستان، وەک یەکەمین ئەزموونی

دەسەڵاتی خەڵکی کورد، لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەوکات، گۆڕانکارییەکی بەرچاو بوو. سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان تەنها یازدە مانگ درێژەی بوو، بەڵام کاریگەرییەکانی لەسەر خەباتی نەتەوەییو دەوڵەمەندکردنی ئەو خەباتە حاشاهەڵنەگرەو لە راستیدا بناغەدانەری بەها دیموکراتیکییەکان لە بزوتنەوەی کوردستان بووەو لە باقی بەشەکانیدا کاریگەریی بەچاوی بووە.

پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ. ک (ساڵی 1322 ) و دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مهاباد (ساڵی 132۴ )و پێکهاتنی حیزبی سیاسی پێشکەوتووو ئەورۆیی تینوتەوژمێکی بەرچاوی بە خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان بەخشی. شکستی کۆماری کوردستانو سەرکوتی خەباتی گەلی کورد لە دەیەی 30و ساڵەکانی ۴۶-۴7و دەستگیرو زیندانیکرانی چالاکانی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان، نەیانتوانی پێش بە هاتنە مەیدانی بەرینی خەڵکی کورد لە ساڵی 57دا بگرن.

سێ دەیە دەسەڵاتی خوێناویو دڕندانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، نەیتوانیوە چۆک بە گەلی کورد دابداو لە خەبات بۆ رزگاری پاشگەزیان بکاتەوە، بەڵکو ئێستا جوگرافیای ئەم خەباتە لە کوردستان لە هەموو کاتێک بەرینتر بووەتەوە. سەرەڕای هێرشی بەرینی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، میلیتاریزەکرانی کوردستان، بۆمبارانی شارو دێی کوردستانو ئێعدامی بەکۆمەڵ، کوردستانی بندەسەڵاتی ئێران زیاتر لە جاران بەرەو خودئاگاهی، هاوپشتیو خەباتی نەتەوەییو دیموکراتیک هەنگاوی ناوە. ئەگەر لەشکرکێشی کۆماری ئیسلامی لە 28ی گەلاوێژی 1358 بۆ داگیرکردنی کوردستانو سەرکوتی سەڵای ئازادیخوازیی دەستی پێکرد، ئەمڕۆکەو پاش 30 ساڵ، گەلی کورد زیاتر لە رابردوو پێداگری لەسەر دەستەبەرکردنی ئازادیو

مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەکا. ئەمڕۆ نەتەوەی کورد یەکگرتووترو یەکریزترەو هیچکاتێک جوگرافیای خەباتی سیاسی لە کوردستان بەم شێوەیە بەرین نەبووە. هاوکات ئێستا داخوازیی نەتەوەیی‌و مەدەنی خەڵکی کوردستان لە بەراورد لەگەڵ رابردوو شەفافییەتێکی زیاتری پەیدا کردووەو تەنانەت شاهیدی گەشەکردنی ئاستی ئەم داخوازیی‌و ئامانجانە بووین.

بە پێی ئەوەی کە کوردستان ئامادەی گۆرانکارییە، کۆمەڵە لە بارودۆخی ئێستادا خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەرەوەی سیاسەت‌و بەرنامەکانی خۆی داناوە. کۆمەڵە رێکخستن‌و رابەریی‌کردنی ئەم خەباتە روو لە گەشەیە بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێ.

کۆمەڵە حیزبی چەوساوەکان، حیزبی خەبات بۆ رزگاری لە بندەستی نەتەوەیی‌و حیزبی هیواو ئاواتەکانی خەڵکی کوردە. هەروەک کۆمەڵە لە سەردەمی راپەرینی گەلانی ئێران بۆ رووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ساڵی 1357ی هەتاویدا سەلماندی کە بە داهێنانی نوێ‌و بیری پێشکەوتوو و ئینسانی دەتوانێ یەکێک لە کاریگەرترین حیزبە سیاسییەکان بۆ رابەرایەتی کردنی خەباتی نەتەوەیی‌و دیموکراتیک لە کوردستان بێ، ئێستاش پێگەی کۆمەڵە لە کوردستان ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی کۆمەڵە کە هەم خەباتی نەتەوەیی‌و دیموکراتیک خەڵکی کورد رێکبخاو هەم بەردەوام پەرەپێدەری پێشڕەوترین بیروبۆچوونی مرۆیی، عەدالەتخوانەو ئازادیخوازانەی سەردەم بێ‌و هەم وەکوو پێشووتر داکۆکیکاری ستەملێکراوترین‌و هەژارترین‌و پاماڵکراوترین چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بێ.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان وەک سەرجەم دەوڵەتانی سەربەخۆی نەتەوە ئازادەکانی جیهان، بە مافی دیموکراتیک‌و حاشاهەڵنەگری نەتەوەی کورد

دەزانیو کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتدارەتی خەڵکی کورد بەسەر زێدو نیشتمانی خۆیدا لە قەوارەی سیستمێکی فیدراڵ پلان دادەنیو خەباتی دەکا.

دروشمی خەباتی ئێستای ئێمە لە سەرتاسەری کوردستان، چوونەدەرەوەی هێزی داگیرکەر لە کوردستانە کە بەردی بناخەی هەموو شێوازەکانی نارەزایەتی دەربرین لە کوردستانە.

کۆمەڵە بۆ پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، پێکهاتوو لە حیزبو رێکخراوە کوردستانییەکان هەوڵ دەداو بە پێی ئەوە ئامادەیی خۆمان بۆ هەرچەشنە هاوکاریەکی دوولایەنەو سێ لایەنە و.. تا ئیئتیلافو پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ئاستێکی هەمەلایەنەدا رادەگەیەنین.

ئێمە هەروەها پشتیوانی لە فەرهەنگسازی بۆ ناساندنی مافی یەکسانی گەلی کورد لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە ستەمی نەتەوەییان بەسەرەوە نییە دەکەین.

## مەسەلەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان

خەبات بۆ رزگاریی لە بندەستی نەتەوەییو خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە عێراق، تورکییەو سورییە، خاوەن وزەیەکی بەرچاوی دیموکراتیک، سێکۆلار، پلوراڵ، رەسەنو جەماوەرییە. بە لە بەرچاوگرتنی گۆرانکارییەکانی ئەم دواییانەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بزوتنەوە جەماوەرییەکان لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان دەتوانن یارمەتیی بزووتنەوە دیموکراتیکەکان بدەنو بەکردەوە هاوپەیمانی هێزە دیموکراسیخوازەکان بن. سەرەرای ئاڵۆزی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، رای گشتی جیهان مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی یەکدەستو یەکپارچەی ئەو ناوچەیە چاولێدەکا.

لە روانگەی کۆمەڵەوە مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستو لەو

وڵاتانـەی کـورد تێیانـدا نیشـتەجێیە، مەسـەلەیەکی یەکدەسـتە. کۆمەڵـە پشـتیوانی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسـی خەڵکی کورد تا پێکهاتنی دەوڵەتـی سـەربەخۆی میللی لەو وڵاتانەی کـورد تێیاندا وەک کەمایەتیی نەتەوەیـی دەژی دەکا. کۆمەڵـە خوازیاری پێکهێنـانو بەرینترکردنەوەی پێوەنـدیو هاوکاریـی لەگـەڵ حیـزبو لایەنەکانـی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانەو سـەربەخۆیی ئـەوان بـۆ دیاریکردنـی ڕێبـازی سیاسـیو نەتەوەییـان بـە ڕەسـمییەت دەناسـێو بـە پیی ئـەوە کۆمەڵە لە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان حیزب یان ڕێکخـراوی حیزبی پێکـناهێنێ. کۆمەڵە پرۆسـەی سیاسـیو گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییەکانـی پارچەکانـی دیکەی کوردسـتان بـە هاوپێوەنـدو هاوچارەنووسـی خـۆی دەزانـێو بـەردەوام چاوەدێریی ڕەوتی ڕووداوەکانو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان دەکا.

کۆمەڵـە خوازیـاری پێکهاتنی هاوئاهەنگیو هاوکاریـی خەباتکارانە لە نێوان حیزبە کوردستانییەکانەو هەوڵدان بۆ گرتنەپێشی ستراتیژییەکی نەتەوەیی کە هەمووان پێی وەفادار بن، بە پێویستییەکی سەردەم دەزانێ. کۆمەڵە پێی وایەو، پێ‌لەسەر ئەوە دادەگرێ کە بزووتنەوە یان حیزبێکی پارچەیەکی کوردسـتان، نابێ دژ بە بەرژەوەندییەکانی بەشـێکی دیکەی کوردستان یا حیزبێکی سیاسی لەو بەشەدا، هەنگاو هەڵگرێ. بە بڕوای ئێمە هیچ حیزبێکی سیاسی لە چوارپارچەی کوردستان بۆی نییە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان دژ بە بزوتنەوەی کورد هاوپەیمانی پێک بێنێ یان ببێتە گوێڕایەڵی حکوومەتە ناوەندییەکان.

## کۆمەڵەو حیزبە کوردستانییەکان

کوردسـتانی ئەمـڕۆ کۆمەڵگایەکـی حیزبییـە. ژمـارەی حیزبـەکان پیشـاندەری ئاڵوگـۆڕ لـە بەراورد لەگەڵ دەیەکانی ڕابردووەو ئینکشـافی سیاسـی نێـوان ڕەوتـە فیکـریو سیاسـییەکانی کوردسـتانە. ئەم

تایبەتمەندییە لە رووی سیاسییەوە، فرەچەشنییەکی زیاتر بەم کۆمەڵگایە دەدا.

لە روانگەی کۆمەڵەوە پێویستە پێوەندی نێوان حیزبە سیاسییەکان گۆڕانی بەسەردا بێ. لە موناسەباتی حیزبەکان دەبێ بۆچوونی لەمەیدان بەدەرکردنی "ڕەقیبەکان" جێگەی خۆی بداتە هاوکاریو هەوڵی زیاتر بۆ گەیشتن بە پرۆژە هاوبەشەکان. ئەفسانەی "یەک نەتەوە، یەک حیزب" چیدی باوی نەماوە. پێوەندی دۆستانەو پشتئەستوور بە دیالۆگو هاوکاری، دەتوانێ بەخێرایی جێگەو پێگەی هەموو حیزبەکان بەهێزتر بکا، ئاسۆی بەرینتربوونەوەو سەرکەوتنی بزوتنەوەی کوردستان بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی روونترو سەقامگیرتر بکا. بنەماکانی پلۆرالیزمی سیاسی، هێنانەگۆڕو پەرەپێدانی دیالۆگو پابەندبوونو پشتبەستن بە ئیرادەی زۆرینەی خەڵک، دەتوانێ کەشوهەوایەکی شیاوتر لە نێوان حیزبە سیاسیە کوردستانییەکاندا پێک بێنێ.

بە پێی ئەم بنەمایە هاوکاریی نێوان حیزبەکان، پێوەندیی بەردەوام، یەکگرتوویی لە کردەوەدا، ئیئتیلافو پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرەو داخوازیی سەرجەم گەلی کوردە. کۆمەڵە سەرەڕای ناکۆکییە سیاسییەکان، خوازیاری ڕێزگرتن لە پلۆرالیزمی سیاسیو هاوئاهەنگ‌کردنی پێوەندیی نێوان حیزبە کوردستانییەکان بە پێی بنەمای بەرسمییەت ناسینی یەکترە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە کوردستان گورزێکی کوشندەی لە بزوتنەوەی کوردستان وەشاندووە، دەبێ بە ئاشکرا بەکارهێنانی زۆرو دەست بردن بۆ چەک لە نێوان حیزبە کوردستانییەکان مەحکووم بکرێ.

کۆمەڵە هەوڵ بۆ هاوئاهەنگی، هاوکاریو یەکگرتوویی بە کردەوە لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی دیکە دەداو پێڕەوکردنی ئەم سیاسەتە گرنگە بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێ. بە

لەبەرچاوگرتنی بەشداری ژمارەیەکی زیاتر لە حیزبە کوردستانییەکان لە بزووتنەوەکەدا، پێویستیی تۆمارکردنی مەنشووری حیزبەکانو پابەندبوونیان بە نۆڕمو ستانداردێکی دیاریکراو لەبواری دیالۆگ، هاوکاریو دیاریکردنی سنورگەلی دیاریکراو لە پێوەند لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردو بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، زۆرتر لەجاران لە ئارادایە.

## سەبارەت بە نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو ژمارەی نەتەوەکانی دانیشووی ئێران زیاتر لە هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بناغەی دەسەڵاتی دژی گەلی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هێرشکردنە سەر نەتەوە ژێردەستەکانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە دانرا. کۆماری ئیسلامی لە سی ساڵ رابردوودا بە سازکردنو پێکهێنانی چەندین دامەزراوە بە شێوەیەکی سیستیماتیک بزوتنەوە میللییەکانی گەلانی دانیشتووی ئێرانی سەرکوت کردووەو مافی نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتەی زەوت کردووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هێرشی بەرینی نیزامی، میلیتاریزەکردنی ناوچەکان، ئیعدامی بەکۆمەڵو دەستگیرکردنی سەرەڕۆیانەو شکەنجەکردن، هەوڵیدا نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران کە لە راپەڕینی ساڵی 13٥7ی هەتاوی مەجالی خۆسازکردنەوەیان بۆ رەخسابوو سەرلە نوێ سەرکوت بکاتەوە. وەرگرتنەوەی دەسکەوتەکانو لەناوبردنی فەزای ئازادی سیاسی، بە هێرش کردنەسەر کورد، عەرەب، تورکمانو بەلووچ دەستی پێکرد. کۆماری ئیسلامی بۆ چەسپاندنی هەڵاواردنی نەتەوەییو لاوازکردنی نەتەوەژێردەستەکان بە هەموو هێزەوە کەڵکی لە ئامرازە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان وەرگرت.

سەرەڕای سەرکوتکرانی بەردەوامی گەلانی ئێران، بزوتنەوەی

نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە مافەکانی بەهێزتر بووە. بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە کوردستان، خووزستان، ئارزەبایەجان، بەلووچستانو هتد روو لە گەشەنو نەتەوە بندەستەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئێران خوازیاری نەمانی ستەمی نەتەوەییو کۆتایی پێهاتنی ملهۆڕی حکوومەتی ناوەندی، میلیتاریزمو شۆڤینیزمی قەومیو ئایینیی لە ئێرانن.

هەڵسووڕانی بێوچانی کۆمەڵەو هێزە چەپو دیموکراتەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ئێران، پێکەوە ژیانی دڵخوازانەی نەتەوەکانو سڕینەوەی ئاسەواری سەرکوتگەریی نەتەوەیی، یارمەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان دەداو پێش بە سەرهەڵدانی ناکۆکی نیوان نەتەوەکان کە شۆڤینیزمی دەسەڵاتدار پیلانی بۆ دەگێڕێ، دەگرێ.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە کەمترین ئاستەوە تا پێکهێنانی دەوڵەتی میللی بۆ نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران دەکا. کۆمەڵەو بزوتنەوەی کوردستان خۆیان بە هاوپشتو هاوپەیمانی هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بۆ رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی دەزانن. کۆمەڵە خوازیاری هاوکاری نێوان نەتەوەژێردەستەکان لە دژی حکوومەتی ناوەندی بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتییە. کۆمەڵە خوازیاری پێکهاتنی هاوپەیمانییەکی بەهێز لە نێو نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بۆ رووخاندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو دامەزرانی نیزامی فێدراتیو بە پێی پێکەوە ژیانی دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانە.

## سەبارەت بە پیلانی هێنانەگۆڕی باسی جوداییخوازی لە ئێرانو

## مەسەلەی یەکپارچەیی خاکی ئێران

شـۆڤینیزمی ئێرانی له دەیەکانی رابردووەوە تا ئێستا له هێنانەگۆڕی باسـی مەترسـیی جوداییخوازیو دانی دروشمی پاراسـتنی یەکپارچەیی خاکی ئێران دژی بزووتنەوە نەتەوەییە خەباتکارەکان کەڵکی وەرگرتووە. سەرکوتکارانی نەتەوەکان چ له سەردەمی دەسەڵاتی حکوومەتی پاشایەتیو چ لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران بـە هینانه گۆڕی ئەو باسو دروشمانه هەوڵیان داوە خەباتی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بەتایبەتـی نەتـەوەی کورد سـەرئاوژۆ پیشـان بدەن. "مەترسـیی جودایی خوازی" و "پاراستنی یەکپارچەیی خاک" وەک بەردی بناغەی ئیدیۆلۆژی شۆڤینیزم، هەم وەک ئامرازی سەرکوتی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکان بـەکار هێنـدراوە هـەم بـە هەمـوو هێـزو وزەی مـادیو مەعنەوەییـەوە بۆ حاشا کردن له فرەنەتەوە بوونی ئێران کەڵکی لێوەرگیراوە. شۆڤینیزمی دەسـەڵاتدار ئەو باسـانەی بۆ چەواشـەکردنی مێژووو تواندنەوەی نەتەوە ژێردەسـتەکان لـە نێـو نەتـەوەی دەسـەڵاتداردا هێناوەتـە ئـاراوە،و بـە سەرکوتی سیاسیو کولتووریو هەڵاواردنی ئابووری، ویستوویەتی لەگەڵ کولتـوورو دیـنو مەزهەبو ئیدیۆلۆژی نەتەوەی باڵادەسـت هاوشـێوەیان بکا. داگیرکاریو سـەرکوتکردنی نەتەوەکان له کردەوەدا، ئێرانی وەک زیندانـی نەتـەوەکان لێکـردووە کـە تێیدا مافـە ئابـووری، کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانیان پێشێل دەکرێ. گەشەی ناهاوسەنگی ئابوریی له بناغەدا پیلانی شـۆڤینیزمو حکوومەتە دەسـەڵاتدارەکانی ئێرانە بۆ پێشـگرتن بە گەشەی ئابووریو دەستبەسەرداگرتنی سامانو سەرچاوە سروشتییەکانی نەتەوەژێردەستەکان.

ئەگـەر ئێران نیشـتمانێکی یەکدەسـتە، بۆچی دەوڵەتـی ناوەندیی دژی بەشـەکانی تـری لەشکرکێشـی دەکات؟ بۆچـی ئەرتەش هەروەک

هێـزی داگیرکـەر لـە گـەڵ خەڵکانـی کـورد، بەلـووچ، عـەرەب و... هەڵسـوکەوت دەکات؟ بۆچی سـەرچاوەو کانگاکانی ئەم ناوچانە چۆڵ، وێـرانو تـاڵان دەکات؟ ئەم پارادۆکسـە چـۆن روون دەکرێتەوە، بێجگە لـەوەی دەسـەڵتداران خۆیـان بـە داگیـرکارو ئـەو ناوچانـەی ناوبـران، شوناسێکی ژێردەستەو داگیرکراو قائیل دەبن؟

یەکپارچەیی خاکی ئێران، تەنیا بە بەرەسمیەت ناسینی مافی نەتەوەیی نەتەوەکانـی نیشـتەجێی ئێـران مومکیـن دەبێـت. پرسـیاری سـەرەکی لـەم پێوەنـدەدا ئەمەیـە: ئـەو نەتەوانەی کە تائێستا بێجگە لە سـەرکوتو لەشکرکێشـی سـەربازیيو غارەتـی سـەرچاوەو سـامانەکانیانو لـەوەش خراپتر ژینۆسـایدی فەرهەنگی، لەم یەکپارچەیی خاکە هیچ بەشـێکیان نەبـووە، بۆچـی دەبێـت بۆ پاراسـتنی تێبکۆشـن؟ راگرتنـی یەکپارچەی خاکـی ئێـران لـە داهاتـوودا تەنهـا بـە دابینکردنـی مافـی یەکسـانی نەتـەوەکانو دامەزراندنی سیسـتمێکی فیدراڵو دیموکراتیک مسـۆگەر دەبـێ. سـەرکوتی سـەرەڕۆیانەی نەتـەوەکان لێکتـەرازان خێراتر دەکا.

هێرشـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بـۆ سـەر نەتەوەکان لە 30 سـاڵی رابـردوودا ئاکامـی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوەو وشـیاری نەتەوەی کورد، ئازەری، بەلووچ، عەرەبو تورکمان، وەک ئەسڵێکی نەگۆڕاوی لێهاتووە.

لە روانگەی کۆمەڵەوە پیلانی هێنانەگۆڕی باسی جیایخوازیو وتنەوەی دروشـمی پاراسـتنی یەکپارچەیی خاک بە بێ قبوڵکردنو راگەیاندنی راشـکاوانەو بـێ ئەملاوئـەولای مافـی نەتەوەکانـی نیشـتەجێی ئێران لە کردەوەدا ئیدیۆلۆژی سەرکوتو داگیرکاری نیزامین. دووپات کردنەوی ئەو باسـانە بە هەر مەبەسـتو بیانویەک لە لایەن هەر حیزبو گرووپو لایەنەک وەک پشـتگیری لە حکوومەتە سـەرکوتگەرەکانو سـەرهەڵدانی دیکتاتۆریو پشتکردن لە خەباتی گەلانی ئێران دەژمێردرێ.

## کۆمەڵەو مەسـەلەی فدرالیزم، ئاڵترناتیڤی شـێوەی دەسـەڵات لە ئێران‌و کوردستان

پرەنسیپی سەرەکی کۆمەڵە بۆ دانانی بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی نوێ لە کوردسـتان، بەشـداریدانی راسـتەوخۆو بەرینی جەماوەری خەڵک لە دیاریکردنی چارەنوسـی سیاسـییاندایە. ئیرادەی راستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک‌و توانای واقیعی هێزە کۆمەڵایەتییەکان پەرلەمان‌و دیکە دامەزراوە مەدەنییەکان دیاری دەکا. کۆمەڵە لە هەوڵی بەشداریدانی بەرینی خەڵک بۆ دەستەبەرکردن‌و داکۆکی لە مافەکانیانەو ئیرادەو بەشداری راستەوخۆی خەڵـک لـە دەسـەڵات دەتوانێ زەمانەتی پاراسـتنی دەسـکەوتەکانیان بێ. خەبات‌و هەڵسـووڕانی کۆمەڵە لەگەڵ وشـیاری‌و بەشـداری راسـتەوخۆی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گرێی خواردووە.

ئاڵترناتیڤی ئێمە دامەزرانی سیستمێکی فیدراڵی لە داهاتووی ئێرانە،و لە کوردسـتان حکوومەتی فیدراڵی کوردسـتانە کە سەرجەم ناوچەکانی نیشـتەجێ بوونی گەلی کورد لە کوردسـتانی رۆژهەڵات لە خۆ بگرێ و بە نیزامی دیموکراسـی پەرلەمانی بەڕێوە بچێ. فیدرالیزم رێککەوتنێکی کۆمەڵایەتـی سیاسـییە کـە خـۆی بە پێی هاوسـەنگی‌و هاوتـەرزای نێوان هێزە سیاسـی‌و کۆمەڵایەتییەکان پیشـان دەدا. فیدرالیزم لە کردەوەدا بۆ نەتـەوە بندەسـتەکان‌و هەژارانـی کۆمەڵگا، دەسـتەبەرکردنی رادەیەک لە ئازادی نەتەوەیی، دیموکراسی، ئازادییەو لە بواری سیاسی‌و ئابوورییدا ئەمنییەتـی تێـدا بـەدی دەکـرێ. بـە پێـی ئـەوە فدرالیـزم دەبـێ لەگـەڵ پێکهاتـەی مێژوویـی، کۆمەڵایەتـی، سیاسـی‌و فەرهەنگـی‌و جوگرافیایـی نەتەوەکانـی نیشـتەجێی ئێـران هاوتەرازو بە ئاشـکراو بە روونی

دیاری بکرێ.

کۆمەڵە رایدەگەیەنێ بنەمای پێکەوە ژیانی دڵخوازانەو بەشداریکردن لە دانانی بناغەی ئێرانێکی ئازادو دیموکراتیکو فدراتیو، دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا بگونجێ:

1. بە رەسمییەت ناسینی ئازادیو مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران، چ لە رووی دیاریکردنی پێکهاتەی سیاسی، فەرهەنگیو ئابوریی لە چوارچێوەی هەرێمییو چ لە رووی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی.

2. مافی بەشداریکردن لە پەسندکردنی شێوازی سیستمی سیاسی گشتی ئێران، بەشداریکردن لە سیاسەتگوزاریو دارشتنی یاسای بنەرەتی وڵات. بۆ وێنە لە رێگەی پێکهێنانی مەجلیسی سێنا بۆ نوێنەرانی هەرێمە فێدراڵەکانی ئێران.

3. دابەشکردنو جیاکردنەوەی هێرەمی دەسەڵات لە لایەک لە نێوان ناوچە فیدراڵەکانو لە لایەکی دیکەوە لە نێوان دوو هێزی یاسادانەر، بەرێوەبەرو دادوەرییەوە لە ئاستی فیدراڵو هەرێمەکاندا.

۴. هەڵوەشاندنەوەی دابەشکرانی ئەو پارێزگانەی بە پێی هەڵاواردنی نەتەوەیی بەش کراونو سەرلەنوێ دارشتنەوەیان لەسەر بنەمای خواستو ئیرادەی نیشتەجێبووانی ئەو ناوچانە و، لەسەر بناغەی بریاری زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیو رەچاوکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکانو هەروەها مافی شارۆمەندانی دانیشتوانەکەی.

۵. دابەشکردنی داهاتی خالسی ساڵانەی فیدراڵی ئێران بە ژمارەی دانیشتووانو قەرەبووکردنەوە بۆ ئەو ناوچانەی بە پێی سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی لە باری ئابووریيو کولتورییەوە دواکەوتوو

ڕاگیراون. پێکهێنانی "خەزانەی هاوپشتی" هاوبەش لە نێوان ناوچە فیدراڵەکانو دەوڵەتی فیدراڵ بۆ یارمەتی گەیاندن بە ناوچە گەشەنەکراوەکان. مەبەست لە پێکهێنانی خەزانەی هاوپشتی دەبێ پێکهینانی بارودۆخی گونجاوو بەرابەر بۆ گەشەپێدانی ئابووری یەکسان بۆ هەموو ناوچەکانی ئێران بێ. ریگەپێدان بە وەرگرتنی ماڵیاتو بەشداربوون لە داهاتەکانی ناوچەکان.

٦. دیاریکردنی دەستەی دادوەری بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان دەوڵەتو هەرێمەکان، یان لە نێوان هەرێمەکاندا

7. دامەزرانی سیستمی هەڵبژاردن بە پێی ریژە. هەر حیزبو ئیئتیلافێکی سیاسی کە دەسەڵاتی بەستەوە بوو، نابێ مافی گۆڕانی ڕێژەیی وتەبێژانی نەتەوەکانی ئێران لە دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵو هەرێمەکاندا بێو ئەم یاسایە دەبێ لە یاسای بنەڕەتی فیدراڵو هەرێمەکاندا زەمانەت بکری.

8. دابەشکردنی ئیدارەو دامەزراوە فیدراڵییە ناوەندییەکان لە هەموو هەرێمەکانی ئێرانو دابەشکردنی بەرپرسایەتیو پۆستەکانی حکوومەتی فیدراڵ لە نێوان وتەبێژانی نەتەوەکانی ئێران بە پێی ڕیژەی دانیشتوانی ناوچە فیدراڵەکانو بایخەدانی تایبەت بە نەتەوە غەیرە فارسەکانو بە قازانجی ژنان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ژێردەسەییان.

9. زەمانتکردنی سیتمی فیدراڵی لە یاسای بنەڕەتی، بە ڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە لە کاتی هەڵوەشانەوە یان ڕەچاونەکردنی یاسای بنەڕەتی، بەڕەسمییەت ناسینی مافی ڤیتۆ کردن بۆ نوێنەرانی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران لە کاتی ئاڵوگۆڕهێنان لە یاسای بنەڕەتی.

10. زەمانەتی ڕەسمیو میللیو هاوشان بوونی زمانی فارسی، کوردی، ئازەری، بەلووچی، تورکمانی، عەرەبی بۆ ئۆرگانە فیدراڵەکان لە یاسای

بنەڕەتیو دستەبەرکردنی مافی بەکارهێنانی زمانی دایکی نەتەوەکانو بەڕیوەبردنی کولتوریان لە سەرتاسەری ئێران بۆ هەموو دانیشتوانی ئێران لە "یاسای زمانەکانی ئێران"، هەڵوەشاندنەوەی سیستمی زۆرەملی فێرکردنی "زمانی هاوبەش" (هەر دانیشتوویەکی ئێران دەبێ دوو زمان لە زمانەکانی ئێران فێر بێ، زمانی یەکەم زمانی پەروەردەو ئیداریو رەسمی ناوچەی نیشتەجێبوونییەتیو زمانی دووهەم دڵخواز دەبێ.

11. پەسندکردنی سێکۆلاریزمو جیایی دینو ئیدۆلۆژی لە دەوڵەت، هەڵوەشاندنەوەی رەسمی یان نارەسمی بوونی ئایینێک لە یاسای بنەڕەتی ئێرانو بێلایەنی حکوومەتی فێدراڵ لە داکۆکی یان دژایەتیکردنی ئایین یان ئیدۆلۆژییەکدا. تایبەت.

کۆماری فیدراڵی کوردستان کە پێکهاتەی سیاسیو حکوومەتیی هەڵبژاردەی ئێمەیە، بنەماو بەهاکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤو سیستمی دیموکراتیک کە لەم بەرنامەیەدا هاتووە، وەک بنەماسەرەکییەکانی خۆی بەڕەسمییەت دەناسێتو بۆ بەدامەزراوکردنی، خۆی بە بەرپرس دەزانێت.

## کۆمەڵو بزوتنەوەی کرێکاریو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان کە زیاتر لە رابردوو بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن ترو ئەمڕۆیی تر هەنگاوی هەڵێناوە، بوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە بوارە جۆراجۆرەکاندا بووەتە راستییەکی حاشاهەڵنەگر. بوونو گەشەی بزوتنەوە مەدەنیو کۆمەڵایەتییەکان، هیوای دوارۆژێکی گەشتر دەدات. ئەم دیاردەیە کە تەنانەت لە ساڵی

٥7 چەندان ئیمکانی دەرکەوتنو پێکهاتنی نەبوو، وردە وردە بەشێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی کوردستان بۆ خۆی تەرخان کردوە.

بزوتنەوەی ژنان، بەشێکی بەرین لە ژنانی خوێندەوارو ئازادیخوازی بۆ گۆڕەپانی خەبات بۆ رزگاریی راکێشاوە. حوزوری ژنانی خەباتکار لە گۆڕەپانی سەراسەریو تەنانەت جیهانییش، هێزو بڕێکی زیاتری بە بزوتنەوەی ژنانی کورد بەخشیوە.

بزوتنەوەی کرێکارانو جوولە نارەزاییەکانو دەرکەوتنی ژمارەیەک وەک هەڵسوڕاوانی کرێکاری، بزوتنەوەی کرێکارانی هەنگاوێک بەرەو پێشبردوە.

بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردو حوزوری کارای ئەوان لە خەباتە خوێندکارییەکان لە زانکۆکانی ئێران، لەدایکبوونی دەیان بڵاوکراوە، کاتنامەو وێبلاگ و... لەلایەن ئەوانەوەو، ئەو بزوتنەوەیەی وەک بزوتنەوەیەکی هیوابەخش لێکردوە.

بزوتنەوە مەدەنییەکان لە "ئێن جی ئۆ"کان، رێکخراوە ئەدەبییەکان، ئەنجومەنەکانی ژینگە، بەرگری لە مافەکانی مرۆڤو زیندانیانی سیاسیو حوزوری لاوان و... خۆیان دەرخستووە.

ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانە کۆمەڵگای کوردستانیان رێکخراوتر، مۆدێرنتر، سیاسیترو تێکالاوتر کردوە. دەوڵەمەندکردنو بەشداری لە رێکخستنی ئەم بزووتنەوانە لە سەرەکیترین ئەرکەکانی کۆمەڵە لەکوردستانە. رەسالەتی کادرەکان، هەڵسوڕاوانو ئەندامانی کۆمەڵە لە کوردستان، هاوکاری، بەهێزکردنو پەرەپێدانی ئەم بزوتنەوانەیە.

نەکردنی ئەم بزوتنەوانە بە تریبونی پاگەندەی حیزبیو بە رەسمییەت ناسینی سەربەخۆیی ئەوان.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کە لە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی

نەتەوەیی‌و سیاسی گشتیدان، پێویستیان بەهاوکاری، هاوئاهەنگی‌و پێوەندی خەباتکارانەی هاوبەش هەیە. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن سیمای بزوتنەوەی نەتەوەیی زیاتر لە جاران مۆدێرنترو دیموکراتیک تر بکەن.

کۆمەڵە خۆی بە حیزبی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت‌و لە بنەڕەتدا تواناو قورسایی سیاسی خۆی لە پەرەئەستاندنی ئەم بزوتنەوانەدا دەبینێتەوە.

## سیاسەتی کۆمەڵە لە بەرانبەر خەباتە کرێکارییەکانی کوردستان

لەکوردستان، پاش ڕێبەندانی ٥7 شاهیدی خەباتی کرێکاری‌و ڕێکخراوە کرێکارییەکان‌و هەڵسوراوانی بووین. هەرچەند دەرکەوتنی ئەوانە بۆ پاش سەردەمی ئیسلاحاتی زەوی لە ئێران دەگەڕێتەوەو لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هێرشی ڕژیم بۆ سەرکوردستان‌و شکڵگرتنی بەرگری خەڵک دژی ئەوەو دەستپێکردنی شەڕی چەکدارانە، تەواوی شێوەکانی تری خەبات، لەوانە خەباتی کرێکاری خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئێستا خەباتی کرێکاری لە کوردستان بە شێوەی پەرش وبڵاو لە ناوچەگەلێکی کوردستان بوونی هەیە. بەرنامەی ستراتیژیکی ڕژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران‌و بەتایبەتی لە سێ دەیەی دواییدا لەلایەن کۆماری ئیسلامی بۆ ناپیشەسازی هێشتنەوەی کورستان‌و ڕێگرتن لە بەرپەوەچوونی هەر پرۆژەیەک‌و سەرمایەگوزاری گەورە، زەربەیەکی راستەوخۆی لەسەر شکڵگرتن‌و دەوامی بزوتنەوەی کرێکارانی کوردستان وەک چینێک، بەجێهێشت. ئەگەرچی پەرەئەستاندنی پێوەندییەکان‌و هەڵکشانی دووبارەی بزوتنەوەی

سـەندیکایی لە ئێران، یارمەتیدەری بەرجەستەبوونی خەباتی کرێکارانی کوردسـتان بـووە، بـەڵام ئـەم خەباتـە هێشـتا پێویسـتی بـە پێگەیشـتنی دەرونـی خـۆیو رابەرانـی کارامـەو سەراسـەری هەیـە لەکوردسـتاندا. ناسـینی دروسـتی قۆناغەکانی خەباتی کرێکاریو بارودۆخو قورسـایی کۆمەڵایەتیو سیاسی کرێکاران لەکوردستان، لە هیدایەت کردنی خەباتی کرێکاران بۆ بەدەسـتهێنانی داخوازییە رۆژانەکانیانو سـەلماندنی مافە ئینسانییەکانیان، دەورو نەقشێکی دیاریکەری هەیە.

کۆمەڵـە حیزبی رێکخەر، پشـتیوانو بەرگریـکاری خەباتی کرێکارانی کوردسـتانە و، بـۆ بەرێکخراوکردنـی بەربـڵاوو بەهێزکردنی بزوتنەوی کرێکاری لە هاوکێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەوڵـدەدات. حـوزوری چالاکانـەو بەشـداری لـە خەباتـی کرێـکاریو پشـتیوانی لـە چالاکی هەڵسـوڕاوان بۆ پێکهێنانی تەشـەکولە سـەربەخۆ کرێکارییەکان لە ئەرکە گرنگەکانی ئێمەیە.

## کۆمەڵەو بزوتنەوەی ژنان

بەلەبەرچاوگرتنـی گۆڕانکارییـە قوڵەکانـی کۆمەڵـگای کوردسـتانو سەرەڕای دەسەڵاتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، پێگەی ژن لەم کۆمەڵگایە، چ لـە نێـو بزوتنـەوی نەتەوەیـی دیموکراتیکـی کوردسـتانو چ لـە نێـو حیزبەکاندا بە ئاستێکی باڵاتر، کۆمەڵایەتی ترو سیاسی تر گەیشتوە. لە رێبەندانی ٥٧دا بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی ژن بە خێرایی گۆڕانی بەسـەرداهات. کۆمەڵە لە کوردسـتان زیاتر لە هەر جەرەیانێکی سیاسـی دیکە، وەک حیزبی رزگاری ژنانو حیزبی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان ناسـرا. بەشـداری ژنان لە دوارۆژی ئاڵوگۆڕە سیاسـییەکانی رێبەندانی ٥٧ لەکوردسـتانو پـاش ئـەوەش بەشـداری بەریـنو قارەمانانـەی

ئـەم نەوەیـە لـە بزوتنەوەو بەتایبەتی لـە ریزەکانی کۆمەڵـەدا، رواڵەتێکی ئینسـانی تـرو بەرابەریخوازانـە تـری پـێ بەخشـی. ژنان لەکوردسـتان لـە سـەنگەرەکانی بەرگـری چەکدارانە، لـە زیندانـەکانو مەیدانەکانی ئێعـدامو لـە خۆپیشـاندانەکانو ئـەو تەشـەکولە نوێیانـەی کە دروست دەبوون، درەوشانەوەو بۆ هەمیشە فەسڵێکی پڕ لە شانازییان بە مێژووی ئەم نەتەوەیە زیادکرد.

ئێسـتاکەش ژنـان لەچـاو جـاران زیاتـر خوازیـاری بارودۆخێکـی باشـترو سـەقامگیرترن. بەشـداری ژنان لە بوارە کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو ئەدەبییەکانو لە نێو رێکخراوە خۆرسـکـو سـەربەخۆکاندا لـە کوردسـتان، ئـەم دیاردەیـەی زیاتـر دەوڵەمەند کـردوە. دەرکەوتنی سیما جۆراوجۆرە ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتیو زانستییەکانی ژنان لە کوردستانو دوارۆژی پەرەسەندنەکەی، لە بارودۆخی ئێستاو داهاتوودا، قورساییەکی زیاتر بە پێگەی ژنان لەم کۆمەڵگایە دەبەخشێت. حوزوری نەوەیـەک لـە ژنانـی خەباتـکاری کوردسـتان لـە خەباتـی سەراسـەری ژنانـی ئێـرانو هەروەهـا لـە رەهەندگەلـی نێودەوڵەتـی نیشـانەی ئەوەیە کـە بزوتنەوەی فێمینیسـتیو بەرابەریخوازانە لە کوردسـتان بەربڵاوترو بەهێزتر بووە. ئەم بارودۆخە بۆ کۆمەڵە دەرفەتگەلێکی نوێ دەخولقێنێت کـە بـە تواناو زەرفیـەتو متمانە بەخۆبوونێکی زیاتـرەوە، زیاتر پەرە بە ئەندێشە مرۆییو پێشکەوتووانەو بەرابەریخوازانەکان بدات.

کۆمەڵـە بزوتنـەوەی ژنـان لەکوردسـتان، بـە بەشـێک لـە بزوتنـەوە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت کە لەم دەورەیەدا ئیمکانی گەشەو باڵاکردنی پەیداکـردوە. کۆمەڵـە لـەم بزوتنەوەیـە بـە تـەواوی پشـتگیری دەکاتو گەشـەکردنی بزوتنەوەی ژنان نیشـانەیەکە لە دروسـتبوونی سیاسـەتو ئاراسـتەی کۆمەڵـە لـە ئاڵوگۆڕەکانـی سـاڵی ٥7و بـە دوای ئـەوەدا

لەکوردستان. خۆشبەختانە ئەم فەرهەنگە لە کوردستان رۆژ بە رۆژ روو لە پەرەسەندنە. ژنان بوارگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسیو زانستییەکی نوێ داگیردەکەنو لە نێو حیزبەکانداو لە رابەریی سیاسییاندا شوێنو پێگەیەکی باشتر دەستەبەردەکەن. زیاتر لە دوو دەیە پایەداری ژنانی خەباتکارو چەپو سوسیالیستی کوردستان کە بەشێکی گەورەیان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا خەباتیان کرد، لە زیندانەکان، لە تەشکیلاتە نهێنییەکانو لە ریزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، شانازییەکە کە بەسەر ناوچەوانی بزوتنەوەی ئێستای ژنان لەکوردستاندا، دەدرەوشێتەوە.

ئێمە خوازیاری بەرابەری ژنو پیاو لەهەموو بوارە کۆمەڵایەتی، کاریی، سیاسیو خێزانییەکانیدان. ئێمە خۆمان بە پشتیوانو بەرگریکاری بزوتنەوەی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسان لە گەڵ پیاوان دەزانینو بۆ بەهێزکردنی ئەم خەباتە تێدەکۆشین. هەرچەشنە هەڵاواردنو ئاپارتایدێکی قانونیو شەرعی کۆماری ئیسلامی دژ بە ژنان نامرۆڤانەیەو دەبێت هەڵبوەشێتەوە.

ئێمە خوازیاری بەرقەراری میکانیزمی "هەڵاواردنی پۆزەتیڤ" لەسەر پیاوانو بەقازانجی ژنان بۆ نەهێشتنی نابەڕابەرین.

## ٤. کۆمەڵەو ستراتیژی سوسیالیستیو پەرەپێدانی دیموکراسی (سوسیالیزمی دیموکراتیک)

کۆمەڵە حیزبی چەپو سوسیالیستی خەڵکی کوردستانە کە بۆ رزگاری لە چەوساندنەوەو کۆیلەتی ئینسان بەدەستی ئینسان خەبات دەکات. داڕشتنی بەهاکانی سوسیالیزمی دیموکراتیکو هەوڵدان بۆ بەدیهاتنی، بە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێت.

ئامانجی کۆتایی ئێمە، بەشداری لە بەرقەرارکردنی سوسیالیزمێکە لەسەر ئەساسی دیموکراسی، عادڵانەو لێوانلێو لە هاوپەیمانیو پێکەوژیانو برایەتی لەنێوان ئینسانەکانو پێکهێنانی ریفاه لە ژیانی ئەواندا.

هاوسەنگی هێزو بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو، هەروەها راستییەکان نیشانی دەدات کە کوردستانی ئێران لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕێکی سوسیالیستی، یان رزگاربوون لە چنگی تەواوی ئاسەوارە نەگەتیڤەکانی سەرمایەداریدا نیە. کۆمەڵە بە درەک کردنی ئەم فاکتە گرنگە لە بارودۆخی ئێستادا دەتوانێت ئەولەوییەتەکانی رەوتی سوسیالیستی خۆی دووبارە پێناسەبکاتەوەو رێگەنەدات جارێکی دیکە یۆتۆپیای خەیاڵی، کۆمەڵە لە سەرقاڵبوون بە مەسەلە واقیعیو راستییو هەنووکەییەکانی کۆمەڵگاکەی غافڵ بکات. ئێمە بە جەختکردنەوە لەسەر ئیسلاحاتی قووڵی ئابورییو سیاسی بۆ گەیشتن بە عەداڵەتو بەرابەری کۆمەڵایەتی تێدەکۆشین.

ئێمە وەک حیزبێکی کوردستانی چەپو سوسیالیست، خۆمان بە دۆستو هاوپەیمانی رەوتە سوسیالیستیو عەداڵەتخوازەکانی باقی نەتەوەکانی ئێرانو جیهان دەزانین. کۆمەڵە لە هەر بزوتنەوەیەکی حەقخوازانە لە جیهان بۆ گەیشتن بە مافی خۆی پشتیوانی دەکاتو بە دوای ئەوەیە کە لەگەڵ ئەم بزوتنەوانە پێوەندی بگرێتو لە ئەزمونەکانیان بۆ بەهێزکردنی بزوتنەوەی کوردستان لە ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی سود وەرگرێت.

کۆمەڵە لەکوردستان خەبات بۆ رزگاری لە ستەمی نەتەوەیی تا پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بە مافی حاشاهەڵنەگری ئەم خەڵکە دەزانێتو بە ئەرکی خۆی دەزانێت بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم خەباتە عادڵانەیە، بەرنامەڕێژی بکاتو بەجیدی هەوڵی بۆبدات. ئێمە

تێدەکۆشین فەرهەنگی مافی دیاریکردنی چارەنوس، چ لەنێو خەڵکی کوردستانو چ لە نێو باقی گەلانی ئێران رەواج بدەینو ئەم پرەنسیپە دیموکراتیکو بەرابەریخوازانەیە سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوەیی، وەک فەرهەنگێکی گشتی لێبکەین.

لە روانگەی ئێمەوە کوردستانی ئێران، لە بارودۆخی ئێستادا نەک تەنیا لە سەروبەندی پێکهێنانی ئاڵترناتیڤو دەسەلاتێکی سوسیالیستی نییە، بەڵکو سەرکوتکاریی دەیان ساڵەو رێگرتن لە بەرەوپێشچوونی پرۆژە گەورە ئابورییەکانو غارەتو تاراجی سەرمایە سروشتییەکانو کانگاکانی کوردستان، ئەم کۆمەڵگایەیە هەمیشە لە قۆناغێکی دواکەوتووتر لە رووی ئابورییەوە هێشتوتەوە. بە واتایەکی دیکە، هەڵوەشاندنەوەی مالکیەت، رکابەریو بەگشتی ئابوری سەرمایەداری ناتوانێت لە دەستوری کاری ئەمرۆکەو خێرای ئێمە قەرار بگرێت. لە بارودۆخی ئێستادا ئێمە دەتوانینو پێویستە کە لەسەر ئیسلاحاتی قوڵی ئابوریی سوور بینو جەخت لەسەر پێشکەوتنی ئابورییو موناسەباتی بەرهەمهێنانێکی عادلانەتر بکەینەوە، تا ئیمکانی رێکخستنی دیموکراتیکو بەربلاوی خەڵک، کرێکارانو هەموو چەوساوەکان فەراهەم بکەین.

هاوئاهەنگی، دۆستایەتیو هاوکاری لەگەڵ باقی جەرەیاناتی چەپ، دیموکراتو ئازادیخواز لە باقی بەشەکانی تری کوردستان بە ئەرکی خۆمان دەزانین. هەروەها تەواوی هێزە پێشەکەوتووو سوسیالیستو دیموکراتەکانی ئێران، رۆژهەلاتی ناوەراستو جیهان بە هاوپەیمانی خۆمان دەزانینو لە خەباتی ئەوان بۆ پێکهێنانی عەدالەتو دیموکراسی پشتیوانی دەکەین، بەتایبەت لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا کە لەسەروبەندی ئاڵوگۆڕێکی جیدی دایە.

هاوهەنگاوبوون لەگەڵ هێزە چەپو دیموکراتەکان وەک پێویستییەکی ئەمرۆیی لێهاتووە.

## پلۆرالیزمی سوسیالیستی

جیاوازی دیدگا نەزەریو فیکرییەکان، لە نێوان لقە سوسیالیستییە جیاجیاکانو دیدگا سیاسییەکاندا راستییەکە. پلۆمیکو دیالۆگی سازندە دەتوانێت ئەدەبیاتی سوسیالیستی دەوڵەمەند بکاتو ئەوان لە خەباتی عەینیو کۆمەڵایەتی پێکەوە نزیک بکات.

ئێستاش لە کوردستاندا بوونی لقگەلێکی جۆراجور کە بانگەشەی چەپو سوسیالیستی دەکەن، راستییەکە. ئەوەی کە رەوتێک نوێنەرایەتی کۆی جەرەیانی چەپ بکات، هی رابردووە. بەخشنی میداڵیای چەپ بە خۆو تۆمەتبارکردنی ئەوانیتر بە دژایەتی لەگەڵ "کرێکارو کۆمۆنیزم" لە جەرەیانی سوسیالیستیو چەپ لەکوردستان، بێجگە لە پەرتەوازەبوونی سەرمایە ئینسانییەکانی ئەو جۆرە بزوتنەوەیەو بێجگە لە هەڵگیرسانی دوژمنایەتیو پەراوێزکەوتنی کۆمەڵایەتی رەوتی چەپ، هیچ دەرەنجامێکی تری نەبووە.

ئێمە بروامان بە پلۆرالیزمی سوسیالیستیو هاوکاری لەنێوان لقە جیاجیاکانی چەپو سوسیالیزم لە کوردستاندا هەیە. پێویستە کە دیالۆگێکی جیاواز لە رابردوو، لە نێوان رەوتگەلێک کە بانگەشەی چەپو سوسیالیزم دەکەن، بەرقەرار بێت. "ئیسم"گەلێک کە لە فەرهەنگی چەپی سوننەتیدا لەپشت سەری یەکەوە ریزدەکرێن تا نەیارەکانیانی پێ تۆمەتباربکەن، دەبێت فرێبدرێتو باس لە دیالۆگی شارستانییانەو مەسئولانە بکرێت. دیرزەمانێکە کە تۆمەتی دژایەتی لەگەڵ کرێکارو کۆمۆنیزم وەک ئامرازی سڕینەوەی نەیارەکانی لێهاتووە، کە بەداخەوە مێژووی چەپ لە ئێرانو لەکوردستانو بەتایبەت لەم دەورەیەی دوایدا

چەندین نمونەی لەو شێوەی هەیە.
بلوغی فیکری‌و نەزەری‌و پتەوبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی چەپ لەکوردستان، لە رێگەی هەوڵی هاوبەش‌و دیالۆگی سازندە مومکین دەبێت. دەورەی داهاتوو، چەپ بە رەخنەی قوڵو پچڕانی یەکجاری لەم بەناو پلۆمیکە باوە دەتوانێت بواری کاری هاوبەش فەراهەم بکات.

## لەگۆڕەپانی سیاسی ئێراندا

کۆمەڵە هەروەک هەر حیزب‌و رەوتێک چەپ‌و شۆڕشگێڕ‌و دیموکرات، بۆ روخانی رژیمی کۆماری ئیسلامی‌و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیک، فدراتیو‌و پلۆرالیستی لە ئێران خەبات دەکات. کۆمەڵە بە پشتیوانی‌و بەشداری چالاکانەی خۆی لە خەباتی ئازادیخوازانە دژ بە رژیم ئیسلامی هەروا درێژەدەدات. پشتیوانی لەهەر چەشنە جوڵەو خەباتێکی جەماوەریی خەڵک‌و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کرێکاران، ژنان، نەتەوە ستەملێکراوەکان، رۆشنبیران، خوێندکاران، کەمایەتییە کۆمەڵایەتییەکان‌و لاوان دەکات‌و بۆ بەهێزکردنی ئەو بزوتنەوانە هەوڵدەدات.
کۆمەڵە وەک رەوتێکی چەپ‌و سوسیالیست، چارەنوسی رەوتی چەپی ئێرانی پێ گرنگە‌و خوازیاری زۆرترین هاوکاری‌و هاوئاهەنگییە لە گەڵیان. ئەگەرچی کۆمەڵە لە حیزبێکی سیاسی سەراسەریدا بەشداری ناکات، بەڵام بەهێزکردنی رەوتی دیموکرات‌و سوسیالیستی لە ئێران بە بەشێک لە ئەرکەکانی خۆی دەزانێت‌و بەشداری چالاکانەی سیاسی لەهاوکێشە سیاسییەکانی ئێران بە کاری خۆی دەزانێت.
ئێمە لە ئێراندا بۆ بەهێزکردنی خەباتی سەراسەری دژی کۆماری

ئیسلامی، بڕوامان بە پێکهێنانی بەرەی دیموکراتیکی خەڵکییە. کۆبوونەوەی بەرینترین هێزەکانی لایەنگری رووخان، دەتوانێت بە بزوتنەوەی سەراسەری تواناو زەرفیەتێکی نوێ ببەخشێت. لەم نێوەندەدا بەهێزکردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە دیموکراسیخوازییەکان، کرێکاران، ژنان، گەلانی ستەملێکراوو خوێندکاران‌و رۆشنبیران، بەشێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵە دەبێت.

کۆمەڵە هەروەها بەرەسمییەت ناسینی مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان‌و بەرگری لە خەباتە دیموکراتیک‌و ئازادیخوازانەکەی بە تاقە مەرجی چوونە ناو هەر ئیئتیلافێکی سەراسەری لە ئێران دەزانێت.

## بزوتنەوی کرێکاریی ئێران

کۆماری ئیسلامی، بە سەرکوتی کرێکاران، وەرگرتنەوەی دەسکەوتەکانی راپەرینی رێبەندان، سەپاندنی قانونی کارێکی دژە کرێکاریی، دەستبەسەرکردنی بەرینی رابەرانی کرێکاران‌و ئەشکەنجەو ئێعدامی ئەوان، هێرش بۆ سەر کۆبوونەوە کرێکارییەکان، رێگاگرتن لە پێکهێنانی تەشەکولە کرێکارییە سەربەخۆکان‌و سەپاندنی دشوارترین ژیان بەسەر بنەماڵە کرێکارییەکان، دەسەڵاتی دژە کرێکارو دژە خەڵکییەکەی خۆی سەپاندووە. بەڵام بزوتنەوەی کرێکاریی ئێران بە تێپەڕکردنی زەمەن، زیاتر لە جاران بووەتە بزوتنەوەیەکی گەشەکردوی سەربەخۆی کرێکاریی.

لەماوەی ئەم ساڵانەی دوایدا، ئاخێزی دووبارەی بزوتنەوەی سەندیکایی لە ئێران، بە چالاکی دووبارەی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی تاران‌و دەوروبەرو هەروەها سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت

تەپە، گەیشتە ترویکو توانایەکی نوێوە. ناسینی زەرفیەتو پۆتانسیەلی واقیعی بزوتنەوەی کرێکاریو دانانی لە پێگەی خەباتە سەراسەرییەکان بۆ روخان لە ئێران، مەرجی پێویست بۆ گرتنەبەری تاکتیکێکی دروستی سیاسییە. بەداخەوە لە دوو دەیەی رابردوودا شاهیدبووین کە لەلایەن بەشێک لە جەرەیانگەلی چەپ، بزوتنەوەی کرێکاریی وەک ئامرازێک بۆ مشتومڕە ناوخۆییەکانی حیزبەکان بەکارهاتووەو تواناو زەرفیەتو پێگەی واقیعی بزوتنەوەی کرێکاری لەبەرچاو نەگیراوە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پشتگیری لە بزوتنەوەی کرێکاریی ئێرانو بزوتنەوەی سەندیکاییەکەی، لە داخوازی کرێکاران بۆ زیادکردنی حەقدەستەکانیانو مافی پێکهێنانی سەندیکاو ئیتیحادیەو هەرچەشنە دامەزراوەیەکی کرێکاری دەکا. کۆمەڵە هاوکات هەوڵ دەدا کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریو رابەراەکانی ببیو پێکهێنانو بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانو بزووتنەوەی کرێکاری بەئەرکی خۆی دەزانیو لەو بڕوایەدایە کە کرێکارانو بزووتنەوەی کرێکاری دەبێ پشتیوانی لە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بکەن.

# بەشی دووهەم: روانگەکانی کۆمەڵە لەسەر پرسە گرینگە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان

## یەکەم: بایەخو بنەماکانی سیستێمی دیموکراتیک

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پابەندی بایەخە دیموکراتیکەکانەو بۆ دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی دیموکراتیک هەوڵ دەدا. خەبات دژی دیکتاتۆری لە هەموو قاڵبە سیاسیو ئیدۆئۆلۆژیکەکانیدا یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵە لە کوردستانە. پەرەپێدانی فەرهەنگی دیموکراتیک، ریزگرتن لە مافی تاکەکانی کۆمەڵگاو ئازادییە مەدەنییەکانو پەرەپێدانی تێگەیشتنی دیموکراتیک لە پەیوەندییەکانی خانەوادەکانداو لە کۆمەڵگادا هەوڵێکی بەردەوامو کارێکی پڕبەپڕی پێویستە. بەتایبەت لەبەر ئەوەی لە سێ دەیەی رابردوودا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو توانو دەسەڵاتی خۆیەوە پێشێلکرانی مافو ئازادییە فەردییەکانی پەرەپێداوەو بە شێوەی سیستێماتیک داهێنانو لیهاتووی توانەکانی تاکەکانی سەرکوت کردووەو بەرییێگرتوون. پەرەسەندنی فەرهەنگی دیموکراتیک بڕوابەخۆ لای تاکەکانی کۆمەڵ زیاد دەکاو بایەخە مرووییەکان گشتگیر دەکا.

کۆمەڵە پشتگیری لە بنەما سەرەکییە ناسراوەکانی سیستمی دیموکراتیک دەکاو وەکوو مەرجی پێویست بۆ سەقامگیربوونی دیموکراسی هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنیان لە کۆمەڵگای کوردستان دەدا. ئەو بنەمایانە بریتین لە:

شیوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان کۆمارێکی دیموکراتیکی پارلمانی دەبێ کە دەوڵەتێکی یاسامەند تێیدا هەوڵ بۆ دابینکردنی ریفاهی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵک دەدا، ئەم دەسەڵاتە ئیالەتییە یاسای بنەڕەتیی خۆی دەبێ. بەشی یاسادانان، بەشی راپەڕاندنی کارە دەوڵەتییەکانو دەزگای قەزایی لێک جیا دەکرێنەوەو سەربەخۆ دەبن.

سیستمی فرە حیزبیو پلورالیزمی سیاسی بنەمای پێکهاتەی سیاسیی کوردستان دەبێ. کەمینە سیاسییەکان پەیڕەوی لە بڕیارەکانی زۆرینە دەکەنو هاوکات ئازادیی تەواوی چالاکیی سیاسی بۆ کەمینە سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا دەپارێزرێ.

هەموو ژنانو پیاوان لە تەمەنی 16 ساڵ بۆ سەرەوە مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتن بۆ هەموو ناوەندو ئۆرگانە ناوچەییو سەراسەرییەکانیان هەیە.

شێوەی هەڵبژاردن ڕێژەیی دەبێو کەمیینە نەتەوەییەکانی کوردستانیش لە مافی بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بەهرەمەند دەبن. هەڵبژاردنە گشتییە ناوچەییو سەراسەرییەکانی لە دەورەیەکی دیاریکراودا بەڕێوەدەچن. هەموو دەوڵەتێکی هەڵبژاردە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێ کە لە یاسای بنەڕەتیی کوردستاندا دەنووسرێ. لە روانگەی کۆمەڵەوە باشترین حاڵەتی دەروەیەکی چوار ساڵەیە.

کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە کوردستان وەکوو هەموو شارومەندان ریزیان لێدەگیرێو مافی شارومەندیی دانیشتوانی غەیری کورد لە کوردستان پارێزراوە.

لە ناوچەی کوردستانیش شێوازی فیدراڵی رەچاو دەکرێو هەوڵ بۆ تەمەرکوز زوودایی واتە بەرگرتن بە کەڵەکە بوونی دەسەڵات لە یەک شوێن بگیرێو هەرناوچەیەک دەزگای بەڕێوەبردنی خۆی هەبێ. شارەکان شوورا (پارلمان)ی خۆیان دەبێو ئۆرگانەکانی حکوومەتی

فێدراڵ لە یەک ناوچە کۆناکرێنەوەو بەسەر هەموو ناوچەکان بە تایبەتی شار چکۆلەکانو ناوچە بێبەشکراوەکاندا دابەش دەکرێن.

ئازادیی سیاسی، ئازادیی رادەربڕین، مافی سازکردنی کۆبوونەوە، ئازادیی پێکهێنانی رێکخراوی سیاسیو سینفی، ئازادیی چاپو بڵاوکردنەوە، ئازادیی حیزبەکان، ئازادیی ئایینی، ئازادیی هەڵبژاردنی شوێنی کارو ژیان بەشێک لەو مافو ئازادییانەن کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگاییەکی دێمۆکراتیک دەبێ دابین بکرێن.

یەکسانیی ژنو پیاو لە هەموو بوارەکانی خانەوادەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسیو کولتووری دەبێ رەچاو بکرێ. هەموو یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ هەڵپێچرێنو یەکسانیی تەواوی ژنانو پیاوان بۆ نموونە لە پێکهێنانی ژیان، جیابوونەوە، مافی سەرپەرەستیی منداڵ، میراسو سزادان دەبێ بسەلمێ.

هەموو شارومەندان بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، بیروبڕوا، نەتەوە، بڕوا بە ئایینێکی تایبەت یان بێبڕوا بوون بە ئایین، ژن یان پیاو بوونو هتد لە باری مافەکانەوە یەکسانن. (یەکسانیی حوقووقیی شارومەندان)

سێکولاریزمو جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیستێمی سیاسیی کوردستانی فێدراڵە.

پاراستنی ژینگەو گرینگیدان بەو مەسئەلەیەو داڕشتنی سیاسەتەکان بەو پێیە یەکێکی دیکە لە فاکتۆرە گرینگەکانی بەڕێوەبردنی کوردستان دەبێ.

بە کورتی: کۆماریبوون، فێدراڵیزم، دموکراسی، سێکولاریزم، دەوڵەتی ریفاه، دەوڵەتی یاسا، جیاکردنەوەی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتیو یاسادانانو دەزگای قەزاییو زەمانەتکرانی مافی کەمینە نەتەوەییەکانو

مافی هەموو شارومەندانی دانیشتووی کوردستان بناغەکانی سیستێمی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن.

## دووهەم: سەبارەت بە بەیانییەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

کۆمەڵە لایەنگرو پشتیوانی بزووتنەوەی مافی مرۆڤەو پابەندبوونی خۆی بە بەیانییەی جیهانیی مافی مرۆڤ ڕادەگەیەنێ. لە کوردستان دابینکرانو ڕێزگرتن لە مافەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی فەرهەنگیو پەرەسەندنی بەها مرۆییو عەداڵەتخوازانەو دیموکراتیکەکان. لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵک بۆ گەیشتن بە مافە فەردییەکانو هەوڵی کۆمەلانی خەڵک بۆ وەرگرتنی کەسایەتیو بایەخەی تاکەکەسییەکان لە کۆمەڵگادا یارمەتیدەرێکی گەورەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان بووە. هەر بەو هۆیە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پابەندی بەیانییەی مافی مرۆڤو پاشکۆو پەیوەستەکانیەتیو بۆ جێگیرکردنیان هەوڵ دەدا.

دابینکردنی بیهداشتی گشتی، شوێنی ژیان، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ئایین، دابینکردنی کارو بەهرەمەندبوون لە هەموو پێوسیتییەکانی ژیانی مرۆڤی سەردەم مافی هەموو شارومەندانی کوردستانە. دابینکردنی ئازادییە فەردییەکانو هەوڵ بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی شارومەندان یەکێک لە بنەما سیاسیو ستراتێژیکەکانی کۆمەڵەیە.

## سێهەم: سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران

حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەڵاتێکی دژە خەڵکیو دژە ئازادییە کە بە زاڵکردنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی ئایینیو پۆلیسی ڕێگری سەرەکیی دامەزرانی کۆمەڵگایەکی دموکراتیکو سێکولارە. ئەو حکوومەتە لە کاتێکدا لەگەڵ ڕقو بێزاریی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکو تەریککەوتنەوە لە کۆمەڵی نێونەتەوییدا بەرەوڕووە بە پشتبەستن بە توندوتیژترینو بێبەزەییانەترین سیستێمی پۆلیسیو دیکتاتۆریی ئایینی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی دەدا.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران داهاتووی کۆمەڵگەی خستووەتە مەترسییەوەو ئاسەوارەانی لەسەر ژیانی نەوەی داهاتوو، مەترسیدارن. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئابووریی وڵاتی وێران کردووەو بەشەکانی بەرهەمهێنانو پەرەسەندی سەنعەتو ئەو بەشانەی دەبنە هۆی دروستبوونی کار بۆ خەڵک مانایەکیان نەوامەوەو وەرشکستبوونی یەک لە دوای یەکی ناوەندەکانی بەرهەمهێنانو بەرزبوونەی ڕێژەی بێکاری لە ئاکامەکانی دەسەڵاتی حکوومەتی ئێرانە. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە لێوارەی لێکترازانی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو سیاسی. ئەو حکوومەتە هەست بە نائەمنیکردنو نیگەرانیی زۆرینەی خەڵک بە مەرجێک بۆ درێژەی دەسەڵاتی خۆی دەزانێ.

کرێکاران، ژنان، نەتەوە ژێردەستەکان، خوێندکارانی زانستگە، ڕۆشنبیرانو لاوان لە شەڕێکی بەردەوام لەگەڵ ئەو حکوومەتەدان کە هەموو مافەکانیانی پێشێلو زەوت کردووە. هەرجۆرە بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوە ژێردەستەکانو توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بەرهەمی شێلگیریو لەخۆبردوویی خەڵکو هەوڵی بێوچانی خەباتکارانە.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەسەڵاتێکی دژە ژن، پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤو پشتیوانی تیرۆریزمو

تیرۆریستانو هاوکاری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ نائەمنکردنی ناوچەکەو جیهان ناسراوە.
دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە جاران نەداری، بێکاری، نائەمنی، وەزعی نالەباری کۆمەڵایەتیو شەڕی پەرەپیداوە.
کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگری سەرەکیی پێشکەوتنو گەشەیو ئازادیو ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی لە ئێرانو ناوچەکەیە. نەمانی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆریی ئایینییە شەرتی سەرەکیی کرانەوەی ڕێگەی بەرەوپێش لە ژیانی خەڵکدایە.
کۆمەڵە هەوڵدەدا بە هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ هەموو هێزە چەپو دموکراتیکەکان، خەباتی سەراسەری لە ئێران بەهێزو هاوئاهەنگو یەکگرتوو بکاو خەباتەکەیان بەرەو ڕووخانی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێنوێنی بکا.

## چوارەم: کۆمەڵەو مەسئەلەی ئایین

کوردستان کۆمەڵگایەک کە بڕوا بە دموکراسی، ئاشتی، مرۆڤ دۆستیو ئازادیو ڕاوەستان بەرانبەر بە زوڵمو زۆر تێیدا ڕەگێکی بەهێزی داکوتاوە.
کۆمەڵە هاودەنگ لەگەڵ ئەو بڕوا گشتییە لە کوردستان رایدەگەیەنێ حیزبێکی ئازادیخواز، سێکولارو لایەنگری بەرینترین دموکراسییە.
کۆمەڵە خوازیاری جیایی تەواوی دین لە دەوڵەتە. بڕوا بە جۆرێک لە ئایین یان بێبڕوایی بە ئایین مەسئەلەیەکی خسووسیی ئینسانەکانە. هەر کەسێک بۆی هەیە هەر بڕوایەکی ئایینیی هەبێ یان بڕوای بە هیچ ئایینێک نەبێ. دەوڵەتی فدێراڵی کوردستان یارمەتیی هیچ ئایینێکی دیاریکراو نەداو بۆ یارمەتی یان دژی هیچ ئایینێک ڕێگە بە

بەکارهێنانی ئامرازە دەوڵەتییەکان نادا.
پشتیوانیکردنو پەرەپێدانی ئایین یان دژایەتیکردنی لە سیستێمی فێرکردن وەلادەنریٚو دەوڵەتی فدێراڵ لەو بابەتەوە بە تەواوەتی سێکۆلارە. فێرکردنو کاری ئایینی یان هەوڵ بۆ نەهێشتنی بڕوای ئایینی ئەرکی ئەو ناوەندانەیە کە لایەنگرانی ئەو کارانە پێکیاندێننو باری ئابوورییەکەشی دابین دەکەن. ناوەندە ئایینیو دژە ئایینەکان بۆیان نییە لە کۆمەڵگادا بە قازانجی خۆیان ئیجراییات بکەن.

## پێنجەم: سەبارەت بە ئیعتیادو نارکۆتیک

لە کۆمەڵگای ئێران دوو میلیۆن کەس بەتەواوی موعتادی مادەسڕکەرەکاننو سیٚو نیو میلیۆن کەسی دیکەش مادەی نارکۆتیک بەکاردێنن. کوردستان سەهمیکی مەترسیداری لەو ئامارەدا هەیە.
پەرەپێدانی ئیعتیاد لە کوردستان یەکێک لە پیلانەکانی حکوومەتی ئێران بۆ لەکارخستنی پۆتانسیێلو توانی خەباتکارانەی خەلکی کوردستانە. ناوەندو دامەزراوە ئەمنییەتییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان ئەرکی بەرەوپێشبردنی ئەو سیاسەتە وێرانکارەیان لە کوردستان لە ئەستۆیە. کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران خۆیان دانیان بە بوونی وەها پیلانێکدا ناوە. پارێزگاری پارێزگای کوردستان لە دەیەی 70ی هەتاوەی کە ئێستا لە نووسینگەی رابەری کۆماری ئیسلامی کاردەکاو راوێژکاری عەلیی خامنەییە وتوویەتی " من توانیم چەک لە دەستی لاوانی کورد بستێنمو لەباتی چەک زەڕووەرەق بدەمە دەستیان" و بەو شێوەیە پەردەی لەسەر ئەو سیاسەتە نگریسەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان لادا. ئێستا نزیکەی دوو دەیە بەسەر

دەسپێکردنی پڕۆژەیەدا تێپەڕیوە. ئەو پڕۆژەیە لە لایەک تواندنەوەو شکستپێهێنای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، دامرکاندنی خەباتکاریو ئازادیخوازیی کردووتە ئامانجو لە لایەکی دیکەوە بەتەمای بەلارێدابردنی ئەخلاقیو رۆحیی خەڵکو تێکدانی خانەوادەکان لە کوردستانە.

کۆمەلە پڕۆژەی نگریسو بەرینی پەرەپێدانی ئیعتیادو مادەی نارکۆتیک کە بەدەستی حکوومەتی ئێران بە شیوەی سیستێماتیکو پلان بۆ دارێژراو لە کوردستان دەچیتەپیش بە یەکیک لە لەمپەرە گەورەکانی سەر رێگەی بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی دەزانیو وەکوو لەشکرکێشییەکی دیکە دژی خەڵکی کوردستان چاویلێدەکا. کۆمەڵە هەموو توانی خۆی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیاردە ماڵوێرانکەرەو ئەو سیاسەتە نامرۆییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخاتە گەڕو هەوڵ دەدا تواناکانی خەڵک بۆ بەرگرتن بەو دیاردەیە لە کوردستان بەهێز بکا. ئێستاکە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بزووتنەوەی خۆرسکو ناوەندی جۆراوجۆر بۆ بەرگرتن بە پەرەگرتنی ئیعتیاد پێکهاتووە، تەشکیلاتی نهێنیی کۆمەڵە لە هەموو کوردستان هەوڵ بۆ بەهێزکردنی ئەو ناوەندانە دەداو سازدانو ریکخستنی بزووتنەوەی خەلکی دژی شەبەکەکانی بڵاوکردنەوەی مادده سڕکەرەکان کە سەریان بە دەزگاو ناوەندە تایبەتە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێرانەوەیە، بە بەشێک لە کارو ئەرکەکانی خۆیان دەزانن.

## شەشەم: دژایەتی لەگەڵ شەڕو چەکی کۆمەڵکوژ

درێژەی شەڕ لە زۆر شوێنی جیهان، لەشکرکێشیی نیزامی بۆ وڵاتانی دیکە بە بیانووی جۆراوجۆرو هەوڵی وڵاتان بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ یەکێک لە گرفتە ئاڵۆزەکانی دونیای ئەمڕۆیە کە دەبێتە هۆی نائەمنی، تێداچوونو ئاوارەییو سەرگەردانیی خەڵک.

کۆمەڵە پشتیوانیی داخوازیی کۆمەڵگای جیهانیو رای گشتیی جیهان بۆ کۆتایی پێهاتنی شەڕو بەرهەمهێنرانی چەکی کۆمەڵکوژ دەکا. گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە سەدەی رابردوودا زیاترین ئازاری لە شەڕو لەشگەرکێشیی نیزامیو چەکی شیمیایی دیتووە. بۆیە بۆ نەتەوەیەک کە خۆی قوربانیی شەڕو بۆمبارانی شیمیاییو چەکی کوکوژە، داواکاریی بەرگرتن بە شەڕو بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ داخوازییەکی بەجێگەو واقعییە.

کۆمەڵە بە مەبەستی رزگاربوونی خەڵکی جیهان لە مەترسیی شەڕی ئەتۆمیو کۆمەڵکوژی، لایەنگری لە جووڵانەوە داماڵینی چەکی ئەتۆمیو چەکی کۆکوژ دەکا.

## حەوتەم: مافەکانو کارکردنی منداڵان

لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کارو چەوساندنەوەی مندالان بەشیوەیەکی بەرچاو بەرین بووەتەوەو شێوازێکی نامرۆڤانەتری بە خۆیەوە گرتووە. دەیان هەزار منداڵ خەریکی کارهایەکن کە بۆ گەورەسالانیش تاقەتپڕووکێنەو ئەو چەوساندنەوە بێبەزەییانە ژیانی نەوەی داهاتووی خستووەتە مەترسییەوە. زیادبوونی ژمارەی منداڵانێک کە کار دەکەن بەردەوام لە زیادبووندایەو ئەو نیشاندەری باری ئابووریی خراپی خانەوادە کرێکارو زەحمەتکیشەکان دەکا کە لە

ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێکاری، هەژاریو نەداریو گرفتەکانی ژیانیان بە شێوەیەکی مەتریسدار زیادی کردووە. ئەو بارودۆخە دیاردەی مندالانی سەرشەقامی لەگەڵ خۆی هێناوە کە لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئێران بووەتە دیاردەیەکی بەرچاوو رۆژ لە رۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ. دیاردەی منداڵانی سەرشەقام بە شیوەیەکی ئاشکرا رەنگدانەوەی سیاسەتە دژە کرێکاریو دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بوونی دەیان هەزار منداڵی سەر شەقام کە رۆژانە لە سەر شەقامەکانو مەیدانەکانی کارو کەلاوەکان سەرگەردانو شەوانە دەبنە قوربانیی باندە خراپکارە جۆراوجۆرەکان، ئاکامی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو راستییەکانی ئەو دەسەلاتە بەڕوونی دەردەخەن.

خەباتی دژی ئەو دیاردەیەو بەرگرتن بە کارکردنی مندالان دەبێ هەر لە ئێستاوە بخرێتە دەستووری کاری هەموو ناوەندو رێکخراوو حیزبە سیاسییەکان بۆیە کۆمەڵە داوا دەکات:

کارکردنی منداڵانی تەمەن کەمتر لە 18 ساڵ قەدەغە بکرێ

شوێنی تایبەت بۆ بەخێوکردنو ئاگاداریی مندالانی بێسەرپەرەست دابنرێ.

حکوومەتی کوردستانی فدێراڵ سەرپەرەستیی منداڵانی سەرشەقام بگرێتە ئەستۆو ئەرکی فێرکردنو بارهێنانیان قەبووڵ بکا.

کۆمەڵە بەیانییەی جیهانی مافەکانی منداڵانی قەبووڵەو بۆ چەسپاندنی لە کوردستان هەوڵ دەدا.

## هەشتەم: خوێندنو فێرکردنی گشتیو خۆڕایی

خوێندنو فێرکردن بەردی بناغەی کۆمەڵگای داهاتوو بۆیە لە روانگەی کۆمەڵەوە، هەموو منداڵێک دەبێ تا تەمەنی 1۶ ساڵان بخوێنێو خویندن بۆ هەمووان بە خۆڕایی بێ، بەمەبەستی نەهێشتنی هەڵاواردن لە خویندندا، خوێندنگە ئینتیفاعییەکان دەکرێنە خوێندنگەی گشتی
خەرجی کتێبو پیویستییەکانی خوێندن لە ئەستۆی دەوڵەتەو شەهرییەی خوێندنگەکانو زانستگە دەولەتییەکان لابرێن.

## نۆهەم: سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستییەکانی بەسالاچووان

لە کوردستان هەلومەرجی ژیانی بەساڵاچووانو کەمئەندامان زۆر دژوارو تاقەتپڕووکێنە. هەرچەن لەم سالانەی دواییدا هەندێک هەوڵی جێگای پیزانین لە لایەن ژمارەیەک لە رێکخراوە سەربەخۆو خورسکەکانی تایبەت بە کەمئەندامانو بەسالاچووان بۆ چاککردنی دۆخی ژیانی ئەو کەسانە دراوە بەڵام هێشتا تا گەیشتن بە دابینکردنی ژیانێکی شیاو بۆ ئەو توێژەی کۆمەڵگا رێگەیەکی زۆرمان لەبەردەمدایە. کۆمەڵە پشتیوانیی لە هەولەکانی ئەو ناوەندانە دەکاو هەوڵی خۆی بۆ یارمەتیو پەرەپێدانیان لە کوردستان دەخاتەگەڕ. ئەو ئەرکە گرنگە ئەرکی هەموو چالاکانی سیاسیو مەدەنیو کۆمەڵایەتیی کوردستانە. بەشداری لەو ناوەندانەو وەرگرتنی کارو ئەرک لە ناوەندەکانی تایبەت بە یارمتیدانی بەساڵاچووانو کەمئەندامان بەشێکی جیانەکراوەی ئەرکەکانی هەموو ئەو کەسانەیە کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مرۆڤانی خەبات دەکەن.
چۆنیەتیی دابینکردنی ژیانی بەساڵاچووانو کەمئەندامان دەبێ بەڕوونی دیاری بکرێو هەر لە ئەوڕۆوە هەوڵی بۆ بدرێ.

کۆمەڵـه خوازیـاری دانرانـی شـوێنهایەکی تایبـەت بـۆ ئـاگاداریو خزمەتگوزاریـی بەسـاڵاچووانو کەمئەندامانـەو لـە روانگـەی کۆمەڵـەوە هەموو خەرجەکانی ئەو ناوەندانە دەبێ دەوڵەت دابینیان بکا.

## دەهەم: پێویستیی هەڵوەشانەوەی حوکمی ئیعدام

سـزای ئیعـدام دەبـێ لـە بنەڕەتـەوە رەدکرێتـەوەو هەڵوەشـێتەوە. ئیعدامکردنی تاوانباران رێژەی تاوان کەمناکاتەوەو دیاردەیەکی غەیری موتەمەدینانەیەو دەبێ لە کۆمەڵگای بەشەریدا نەمێنێ.
کۆمەڵـە خوازیاری هەولوەشـانەوەی حوکمـی ئیعدامە. بۆ کەمکردنەوەو نەهێشـتنی تـاوان دەبـێ بیـر لـە چارەسـەرکردنی سـەرچاوەکانی ئـەو دیاردەیە واتە نەداریو نەبوونی ئازدی بکرێتەوە.
نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی دیکە لەگەڵ سزای وەحشیانەی ئیعدامو شیوە ترسناکو نامرۆییەکانی سزادان بەرەوڕووبـووە. هەڵوەشـانەوەی سـزای ئیعـدام بـۆ نەتەوەیەک کـە دەیان هـەزار کـەس لە خەباتکارانی بەو شـیوەیە لەدەسـت داوە، داخوازییەکی رەواو واقێعییە. دەبێ هەسـتی تۆڵە سـەندنەوە لەناو ببرێو ریگە نەدرێ ئەو برینانە وەکوو خۆیان بميننەوە.

## یازدەهەم: دژایەتی لەگەڵ سزادان لە پیش چاوی خەڵک

بەدرێژایـی سـێ دەیـە دەسـەڵاتی کۆماری ئیسـلامیی ئێران سـزادانی خەڵک لە شوێنە گشتییەکانو لە پێشچاوی خەڵک یەکیک لە ناشیرینترین ئامرازەکانـی پاراسـتنی دەسـەڵاتی حکوومەتـی کۆماری ئیسـلامی بووە.

حکوومەتی ئێران لەم 30 ساڵەدا بەمەبەستی بەلاڕێدابردنو رووخاندنی بەها مرۆییەکان ئەو شێوازە دزێوەی بۆ سزادان بەکار بردووە کە کاریگەرایی زۆر خراپی لەسەر کۆمەڵگا بووە. لە روانگەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەموو خەڵک تاوانبارنو ئەو کەسانەش وا لە مەیدانو شەقامەکان بۆ سەیرکردنی سزادانی تاوانباران کۆدەبنەوە تاوانبارانێکن کە دەبی چاوترسێن بکرێن. ئاسەواری خراپی ئەو دیاردە دزێوە تا ماوەیەکی زۆر پاش نەمانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیش لە کۆمەڵگادا دەمینێتەوە. هەڵوەشانەوەی سزادانی تاوانباران لە پێشچاوی خەڵک دەبێ ببێتە داخوازییەکی سەرەکیو دروشمی هەموو خەباتو تێکۆشانێک لە سەراسەری ئێران. تۆڵەسەندنەوە (قصاص)، سزای جەستەی، بڕینی دەستو لاقی خەڵک، سەنگەسارو سزا وەحشیانەکانی دیکە دەبێ بۆ هەمیشە هەڵوەشێندرێنەوە.

**دوازدەهەم: سەبارەت بە سەرچاوە سروشتییەکان، ژینگەو ئاسەواری مێژوویی کوردستان**

یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو حکوومەتە شۆڤینستییەکانی دیکەی پێشووی ئێران دەسبەسەردا گرتنو تاڵان کردنی سەرچاوە سروشتییەکان، لەناوبردنو تالانکردنی ئاسەوارە نەتەوەییو مێژووییەکانو زەرەرگەیاندن بە ژینگەی نەتەوەی ژێردەستی کورد بووەو ئەو سیاسەتانە ئێستاش بەردەوامن. حکوومەتی ئیسلامی لە چاو دەسەڵاتەکانی پێش خۆی زیاترو جیددیتر دەستی داوەتە ئەو تالانو تێکدانە. کۆمەڵە پاراستنی ئاسەوارە مێژووییو فەرهەنگییەکانی گەلی کورد بە بەشێک لە خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەیی دەزانێو دژی

سیاسەتەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەو بابەتەوە خەبات دەکا.

کۆمەڵە خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی پاراستنی ژینگە دەزانێو هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگە لە کوردستان بە یەکیک لە ئەرکەکانی خۆی دەزانێ. بەشداریی چالاکانە لە ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانە. دەزگاکانی راگەیاندنی کۆمەلە دەبێ هەوڵبدەن بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ لای ئەو مەسئەلەیەو گرینگیی ئەو پرسە زیاتر دەرخەن. ناساندنی بزووتنەوەی جیهانیی پاراستنی ژینگە بە خەڵکی کوردستانو بەکارهێنانی ئەزموونەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان دەبێ لە ئێستاوە وەکوو بەشێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵە چاویلێبکرێ.

فێرکردنو سازکردنی فەرهەنگی پاراستنی ژینگە یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی فێدێراڵی کوردستانە.

کوردستان خاوەنی ئاسەواری مێژوویی کۆنو پڕبایەخە کە لە 30 ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تالان کراوە. حکوومەتی ئێران بە شیوەیەکی پلانبۆداڕێژراوە هەوڵیداوە شوێنەوارە مێژوویيەکانی کوردستان لەناوبەرێ. لە چەند ساڵی رابردوودا گرنگیی ئەو شوێنەوارانە بۆ خەڵک زیاتر دەرکەوتووەو وشیاریی خەڵک لەو بابەتەوە زیاتر بووەو ئەو مەسئەلە تاڕادەیەک بەری بە تالانو تێکدانی ئاسەوارە مێژوویيەکانی کوردستان بە دەستی حکوومەت گرتووە، بەڵام هێشتا پیویستە کە هەر لە ئەوڕۆوە پلانێکی دیاریکراو بۆ پاراستنی ئاسەوارە مێژوویيەکانی کوردستان دابڕێژرێ.

(3)

# "بەیانییەی کۆتایی"

## کۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆنگرەی ریفۆرم)

پووشپەڕی 1387 - ژوویيەی 2008

ژوەنی 2008، کۆنگرەی 12ی کۆمەڵە (کۆنگرەی ریفۆرم) لە ناوەندی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە کوردستانی باشوورو لە ژێر چاودێریی‌و پاراستنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، بەڕێوە چوو. کۆنگرە بە بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی تەشکیلاتەکانی کۆمەڵە لە ناوخۆی کوردستان (تەشکیلاتی نهێنی)، تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتو ئۆرگانە ناوەندیەکان‌و تەشکیلاتی ئاشکرا (تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگە) بەڕێوە چوو.

بەڕێوەچوونی کۆنگرەی 12ی کۆمەڵە (کۆنگرەی ریفۆرم) چاوەڕواننەکراو نەبوو. رۆژی ١٥ی خاکەلێوە کۆمیسیۆنی ئامادەکای کۆنگرە، بە بڵاوکردنەوەی راگەیاندنێک وێڕای بانگەواز بۆ ئەندامان‌و هۆگرانی چارەنووسی ئەم رەوتە بە مەبەستی بەشداریی چالاکانەی ئەوان لە باسەکاندا، دەستی دایە بڵاوکردنەوەی "بوڵتەنی باسەکانی کۆنگرە". هەتا پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرە، ٦ ژمارەی بوڵتەن‌و چەندین سمینار لەمەڕ باسەکانی کۆنگرە لە تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگە لە ئۆردووگاکانی کوردستانی باشوورو سمیناری ئەندامانی دەرەوەی وڵاتو هەروەها پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ کادرو ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنی، ئامادەکاریی سیاسیی کۆنگرە بە بەرینی بەرەوپێش چوو. ژمارەکانی ئەو بوڵتەنەی کۆمیسیۆنی ئامادەکار، لە هەندێک لە شارەکانی کوردستان چەندین جار چاپ کرایەوەو بە بەرینی خرایە بەر دیدەی کۆمەڵانی خەڵک. دەکرێ بڵێین بەشێکی گرینگ لەو باسانەی کە ئەم کۆنگرەیە دەبوو قسەی لەسەر بکات، بەشێوەی وتوویژ لەگەڵ کادرەکانی سەرکردایەتی‌و وتاری جۆراوجۆری کادرەکان، دۆستان‌و ئەندامان لە بوڵتەنی باسەکاندا بڵاوکرایەوە.

کۆنگرەی 12 (کۆنگرەی ریفۆرم) لە لایەن لیژنەی سەرۆکایەتیی کاتیی کۆنگرەو بە سروودی کۆمەڵە (سروودی بانگەواز)و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە یادی شەهیدانی بزووتنەوەی

رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانو خەباتکارانی ڕێگای ئازادیو سۆسیالیزم، کرایەوە. پێویستە بڵێین کە بەڕێوەچوونی کۆنگرە هاوکات بوو لەگەڵ 21مینساڵڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە لایەن رژیمی بەعسی عیراق لە ساڵی 13٦٦ کە سەدان قوربانیو هەزاران بریندار لێکەوتەوە. کۆنگرە بۆ ڕێزگرتن لە یادی قوربانیانی ئەو کارەساتە، بە دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگرتن لە سەرەتای یەکێک لە کۆبوونەوەکانیدا، ڕێزی لێگرتن.

سەرەتا بەرپرسی گشتیی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرە، ڕاپۆرتی هەڵبژاردنەکانی پێشکەش کرد. کۆنگرە دوای بیستنی ئەم ڕاپۆرتە بە تێکڕای دەنگ پەسندی کردو شیاویی یەک بە یەکی نوێنەرانی کۆنگرەو ڕەواو ڕەسمی بوونی کۆنگرەی پەسند کرد. پاشان دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرە، ڕەسمی بوونی کۆنگرەی ڕاگەیاند. دوابەدوای ئەوە، پێڕەوی پێشنیارکراو بۆ کاری کۆنگرە خرایە بەر باسو بڕیاری نوێنەران. دوای کورتە باسێک، پێڕەوی کاری کۆنگرە پەسند کراو لیژنەی سەرۆکایەتیی کاتیی وەک لیژنەی ڕەسمیی سەرۆکایەتیی کۆنگرەو بە دەنگی نوێنەران درێژەی بە کارەکانیدا.

سەردێڕی کۆبوونەوەکانی کۆنگرە بریتی بوون لە:

1. ڕاپۆرتی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە کۆنگرە
2. بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵە
3. پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە
٤. بڕیارنامەو قەرارە پێشنیار کراوەکان
٥. هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی

دانیشتنی ڕاپۆرتی کۆمیتەی سەرکردایەتی گەلێک تەوەرەی هەمەجۆری لەخۆ گرتبوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە کارو چالاکیی

ستراتیژی سیاسیی کۆمەڵەوە. سەردێڕەکانی ئەو باسانە بریتی بوو لە چاوخشاندنێک بەسەر دۆخی ئێستای جیهان، گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دۆخی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تاوتوێ کردنی هەلومەرجی سیاسیی ئێرانو کوردستانو ئەرکەکانی داهاتووی کۆمەڵە لە ژێر تیشکی ڕوانینی ڕەخنەگرانە بۆ ڕابردووو هەروەها ئەم یەک ساڵەی دوایی.

لە باسی دۆخی جیهانیدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە بە گۆڕانکاریەکانی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمو لەگەڵ ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتو "سۆسیالیزمی تۆتالیتێر"و سەرکەوتنی ڕۆژئاوا لە شەڕی سارددا، ڕواڵەتی جیهان بە بەرینی گۆڕا. ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەریی درێژماوەی لەسەر هەموو بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسیی جیهانیو کێشمەکێشە ناوچەییەکانو تەنانەت دۆخی ناوخۆیی زۆربەی وڵاتان دانا. بەئاشکرا سیستمی ناعادیلانەی ئێستا، بە هەرمانو هەتاهەتاییی ناوبراو تیۆری "کۆتایی مێژوو" لە تریبۆنی هەموو دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانەوە وەک ئۆرکێسترایەکی هاوئاهەنگ دەنگی هەڵبڕی. بەڵام بەخێرایی دەرکەوت کە جیهانی "یەک جەمسەری" هەروا دژبەرە بناغەییەکانی خۆی لەگەڵدو لە ناو خۆیدا جیهانێکی نوێی چەند جەمسەریی خولقاندووە. قەیرانە ئابووریە یەک لە دوای یەکەکان، ئاگاداریی بەردەوامی دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لەمەڕ خراپتر بوونی ئاستی بژیوی بە ملیار ئینسان، درێژە کێشانی شەڕ، نائەمنی، گەشەی تیرۆریزمو لەشکرکێشیی سەربازیو پێشبڕکێی چەکوچۆڵ بە نیوە ئاشکرا، مەترسیی شەڕی ناوخۆییو ناوچەیی هێشتا لەناو نەبردووە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەروا وەک ناوەندی قەیرانە بەردەوامەکان ماوەتەوە، سێبەری شەڕی ناوچەیی بەرینە. ئەم ناوچەیە کە بەشی

هـەرە زۆری وزەی جیهانـی تێدایـە، لەجیاتی بەدیهێنانی ئاسـوودەیی‌و ئاوەدانی، گەشـەو پێشـکەوتن بۆ زۆرینەی هەرە زۆری دانیشـتوانەکەی، جگـە لـە هـەژاری، دواکەوتوویـی‌و بەردەوامیـی دەسـەڵاتداریتیی رژیمە دیکتاتۆرەکان، شـتێکی بەدیاری نەهێناوە. گرفتی فەلەسـتین‌و ئیسـرایل هێشـتا بـە چارەسـەر نەکـراوی ماوەتـەوە. بونیادگەرایـی ئیسـلامی‌و تیرۆریزم کە لەگەڵ هاتنە سـەر کاری کۆماری ئیسـلامی لە ڕێبەندانی 13٥7، قەڵەمبازێکی گەورەی هاویشت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خستۆتە نائەمنیەکـی قووڵتـرەوە. لـە کەمتر لە 3 دەیەی رابردوودا چەند شـەڕی گـەورەی ناوچەیـی وێرانکـەرو ئاسـەوارەکانی، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی بەردەوام لە بەردەم تەقینەوەیەکی تازەدا داناوە. یەکێک لە هۆکارەکانی نائەمنی‌و پەرەسـەندنی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، بوونی کۆماری ئیسلامیە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە دروشمی "بڵاوکردنەوەی شۆڕشـی ئیسـلامی" مانـەوەو بوونـی خـۆی لـە پێکهێنانـی نائەمنـی لە ناوچەکەدا بینیوەتەوە. دوای شەڕی ئامریکا لە دژی عیراقیش، سیاسەتی هەڵەی ئامریکا لە عیراقدا لەلایەکو سیاسـەتی رژیمی ئێران کە "ئێمە شەڕ لەگەڵ ئامریکا دەبەینە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران" ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی هەم ئاشکرا بووو هەم لە هەندێک جاردا بەهێز بوو. هەنووکە کۆماری ئیسـلامی هۆکاری سەرەکی‌و گرینگترین وزەبەخش‌و بەهێزکـەری بونیادگەرایـی ئیسـلامی، پاڵپشـتی تیرۆریـزم‌و نائەمنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

مەسـەلەی کورد لە گرینگترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، هێشتا چارەسەر نەکراوە. گەلی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت، لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی‌و بەهۆی شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەکـردەوە لـە نێـوان وڵاتانی ئێـران، تورکیە، عیراق‌و سـوریەدا دابەش

کرا. خەڵکی کورد بە راپەڕین، خەباتو شۆڕشو لە خەباتو تێکۆشانی گەورەو بچووکدا بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی شەڕی کردووە. لە کوردستانی باشوور لە بەهاری ساڵی 1991و لە ئەنجامی هەڵکەوتنی دۆخێکی گونجاوی ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌و جووڵانەوەو راپەڕینی جەماوەری‌و خەباتی چەکداریی هێزی پێشمەرگەی حیزبە سیاسیەکان، بۆ هەمیشە هێزی داگیرکەری رژیمی دەسەڵاتدار لە بەشێکی کوردستانی باشوور وەدەر نراو پاشان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 پێکهاتو پارلمانو دامەزراوە حکوومەتیەکانی خۆی بنیاد نا. لەگەڵ رووخانی رژیمی بەعس لە بەهاری 2003، حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیرتر بووو سەرەنجام فیدرالیزم وەک بنەما لە عیراقدا قبووڵ کراو حکوومەتی هەرێم سەلمێنرا. ئەمە لە خەباتی گەلی کورد بۆ رزگاری هەنگاوێک بەرەو پێش بوو. ئێستاش مەسەلەی کورد وەک پرسو گرفتێکی یەکپارچە لە رای گشتیدا بە رەسمی دەناسرێت. خەباتی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی بە هێزی دیموکراسیخوازی، سیکۆلاریستی‌و پلۆرالیستی‌و پشتیوانیی جەماوەری پشتگەرمە. لەم 3 دەیەیەدا بزووتنەوەکانی کوردستان یەکێک لە فاکتەرەکانی داکۆکیی پەرەپێدانی دیموکراسی لە ناوچەکەدا بووە. هاوئاهەنگی‌و هاوپشتیی خەباتکارانەی نێوان بزووتنەوەکانی کوردستان لە پارچە جیاکانیدا بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی هەر پارچەیەک، زیاتر لە هەر کاتێک لە بەستێنی واقیعتر دایە. بزووتنەوەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی پێگەی ژیۆپۆلەتێکی خۆی، هاوکاری‌و هاوڕێیەتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەو دیموکراتو سیکۆلارو ئازادیخوازەکانی خستۆتە بەرنامەی کاری خۆیەوە. پاراستنو بەهێز کردنی ئەم لایەنە لە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لەحاڵێکدا کە ئەم ناوچەیە

لە بەردەم گۆڕانکاریی نوێدایە، پێویستو حاشاهەڵنەگرە.

لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا، کۆماری ئیسلامی گیرۆدەی قووڵترین قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو دیپلۆماتیکە. ئەم رژیمە زیاتر لە هەمیشە لە ناو ئێراندا بۆتە رژیمی سەرکوتی نەتەوەکان، کرێکاران، ژنان، خوێندکارانو رووناکبیران. کۆماری ئیسلامی نازناوی گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسانی لەسەر خۆی تاپۆ کردووە. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا وەک رژیمی دژە ژن، پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، بەرێوەبەری لە سێدارەدانی تازەلاوو مێرمندالانو پشتیوانی بونیادگەراییو هۆکاری نائەمنیو شەڕ لە ناوچەکەدا ناسراوە. لەحالێکدا کە ئەم رژیمە خۆی بە سەرچاوەی داهاتی نەوت بەهێز کردووە، هەژاری بێبەشیی ئابووری بەهۆی لە سەرەوە دانانی بەرنامەی بە دەست هێنانی چەکی ئەتۆمیو پرۆژەی بەهێز کردنی بونیادگەرایی ئیسلامیو تیرۆریزم، دۆخێکی لە رادەبەدەر دژواری بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندووە. هەڵوسانی ئابووریو گرانیو بێکاریو بە هۆیەوە پەرە سەندنی نائارامیی کۆمەڵایەتیو گرفتی وێرانکەر، تەنگی بە ژیانی بە ملیۆن بنەماڵەی ئێرانی هەڵچنیوە.

بەڵام ئەوەی رواڵەتی ئێرانی ئێستا دەنەخشێنێت، گۆڕانکاریی روون لە هاوکێشیی نێوان دەسەڵاتو خەڵک لە قازانجی خەڵکو هێزی ئەوانە. زۆربەی هەرە زۆری خەڵک گومانیان لەو رژیمە نیە. ئەم هاوکێشە بە ئاشکرا تێکچووە. بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی نوێی سەندیکاییو خەباتی خۆڕاگرانەی کرێکارانی شیرکەتی واحیدو نەیشەکەری حەوت تەپە، هێزی زیاتری بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ناو ئێران بەخشیوە. بزووتنەوەو خەباتی ژنان سەرەڕای سەرکوتی توندو لەگەڵ ئەوەی کە تەرمی چالاکوانەکانی لە زینداندا

دوای چەند سەعات "دەدۆزرێتەوە"و زیندانی کردنو مەحکووم کردنی بەردەوامی سیما خەباتکارەکانی ژنان لە سەرەوەی ریزبەندی بەرپرسانی قەزایــیو ئەمنیەتیــی رژیمدایــە، بــەڵام هەروا بەرەو پێــش هەنگاو دەنێت. بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێران لە ئازەربایجان، کوردســتانو خوزســتانو ئەوانیتــر، هەنــگاوی گەورەیــان نــاوە. بزووتنــەوەی خوێنــدکاری لە ژێر کاریگەریی ئیســلاحخوازانی دەوڵەتی رزگار بووەو لە ماوەی دەســەڵاتی سەرکوتکارانەی ئەحمەدینژاددا زیاتر لە رابردوو توانای خەباتکارانەی خــۆی نیشــان داوە. ئامادەیی بزووتنــەوە کۆمەڵایەتیــەکانو هاوئاهەنگیی نێوانیانو پشــتیوانیو داکۆکی لە ســیما ناســراوەکانی ئــەم بزووتنەوانە، دیاردەگەلی نوێی گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانن.

ماجەراجۆیــی نیزامــیو ئەتۆمیــی کۆمــاری ئیســلامی لــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتو پەرەســەندنی ســەرکوت لــە ناوخۆ "رێگە چــارە"ی رژیم بۆ رزگار بــوون لــەو دۆخە گرانەیە کە تێیکەوتووە. پێداگریی رژیم لەســەر درێــژە پێدانــی پــرۆژەی ئەتۆمــی، هــۆکاری ســەرەکیی نائەمنیو شــەڕو کێشانی هێزی نیزامیو لەشکر کێشی بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باڵ کێشــانی ســێبەری شەڕ بەســەر ئێراندایە. "کۆماری ئیسلامیی تەیار بە چەکی ئەتۆمی" لە بنەڕەتەوە لە دژی خەڵکی ســتەملێکراوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیــەکان دەبێــت. کۆماری ئیســلامی لە پرۆژە ئەتۆمیەکەی خۆیدا ســوورە لەســەر مامەڵــە کردن بــۆ مانەوەی خۆی. کۆمەڵە وەک پرەنســیپ رادەگەیەنێــت کــە دژی لەشــکر کێشــیی نیزامــیو ســەپاندنی شــەڕێکی وێرانکەر بەسەر خەڵکی ئێراندایە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسی ســەرەکیی ئــەم نائەمنیــەو هــەر شــەڕێک دەزانێــت. کۆمــاری ئیســلامی تەنیــا مەترســیەکی ناوخۆیــی بــۆ ســەر کۆمەڵگەیەکی 70 ملیۆن کەســی نیــە، بەڵکــوو مەترســیەکی ناوچەییــە کــە 3 دەیەیــە بە هەڕەشــە کردن لە

دانیشتوانی ناوچەکە، پێگەی خۆی پاراستووە. کۆمەڵە پشتیوانی لە ڕێگا چارەی دیپلۆماتیک بۆ چارەسەری قەیرانی ئەتۆمی دەکات‌و هاوکات کۆمەڵگەی جیهانی ئاگادار دەکاتەوە کە بۆ مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەرفەتی پێشێل کردنی بەرینی مافەکانی مرۆڤ، سەرکوتی بزووتنەوە جەماوەری، مەدەنی‌و کۆمەڵایەتیەکان نەڕەخسێنن. داکۆکی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان‌و تەریک خستنەوەی هەرچی زیاتری ئەم رژیمە، لەبارترین ڕێگایە بۆ پاشەکشە پێکردن بە کۆماری ئیسلامی.

کۆمەڵە لە مەیدانی سیاسیی ئێراندا، چالاکانە ڕۆڵ دەبینێت. بەهێز کردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، پەیوەندی گرتن لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازو سۆسیالیست‌و دیموکراتەکان‌و هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکراسیخوازی، ڕەهەندی سیاسەتی ئێمە لە مەیدانی سیاسیی ئێراندا دەبێت. لەسەر بەستێنی ئەم دۆخەو بڕوا بە بنەماکانی دیموکراسی، کۆنگرە پێداگری کرد کە کۆمەڵە بە مەرجێک دەچێتە ناو هەر هاوپەیمانێتیەکی ئاوەهاوە کە مافەکانی گەلی کورد بە ئاشکراو دیموکراتیانە ڕاگەیەنرابێت.

لە باسی تاوتوێ کردنی دۆخی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، جەخت کرایەوە کە بەردەوامبوونی داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی‌و سەرکوتی بێ‌سنوور نەیتوانیوە خواستی جەماوەرو بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و دیموکراتیکی گەلی کورد لاواز بکات. ئەوەی دەیبینین بەرینتر بوونەوەی جوگرافیای خەباتی نەتەوایەتی، جەماوەری‌و ئازادیخوازیە لە کوردستان. گەشەی وشیاریی نەتەوەیی‌و وەرگرتنی هێزو وزەی نوێی خەباتکارانەو جەماوەری‌و عەدالەتخوازانە لە بزووتنەوەی کوردستاندا حاشا هەڵنەگرە. هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاریە ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان لە کوردستان، ئەم کۆمەڵگەیە زیاتر

لـە رابـردوو توانـای نوێی بۆ بەرەوپێش چوونی بزوتنـەوە کۆمەڵایەتیو جەماوەریـەکان بـە دەسـت هێنـاوە. خەباتـی کرێکاران، ژنـان، دیاردەی نوێی بزووتنەوەی رووناکبیریو خوێندکاری لە کوردستان، دامەزرانی ناوەنـدە دیموکراتیـکو خۆڕسـکە جەماوەریەکان لە زۆربەی شـارەکان، لایەنـی زۆر مودێرنتر، پێشـکەوتووتر، دیموکراتیکتـرو جەماوەریتری بە کوردستانو بزووتنەوە نەتەوەییو دیموکراتیکەکەی بەخشیوە.

رێکخسـتنو رێبەرایەتی بزووتنەوەی نەتەوەییو دیموکراتیکی خەڵکی کوردسـتان، بەهێـز کردنـی هاوکاریی نێـوان حیزبە کوردسـتانیەکان، پێکهێنانـی هاوپەیمانێتیـی خەباتکارانەی نێوان حیزبەکان تا پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانیی بەرین، هەنگاونان بەرەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دامـەزراوە مەدەنیـەکانو پەیوەندی گرتنـی چوارچێـوەدارو خەباتکارانە لەگەڵیـان، بەشـداریی پێکردنیـان لـە بڕیـارە سیاسـیەکانی پەیوەندیدار بـە خەڵکـی کوردسـتان، بەهێـز کردنـی تەشـکیلاتە نهێنیـەکانو بردنە سەرەوەی توانای بەشداریو ئامادەبوونیان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، سپاردنی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیان، هەوڵ بۆ پێکهێنانی هاوکاریـی بەریـنو یەکڕیزیـی دووبـارەی ریزەکانـی کۆمەڵـەو پێناسـە کردنـەوەی ئەرکەکانـی رەوتێکـی چـەپو سۆسیالیسـتیو کوردستانی، تەوەرەی سیاسەتو ریزبەندیی کارەکانی ئێمە پێک دەهێنێت. هەنگاو نان بـەرەو بزووتنەوە جەماوەریو کۆمەڵایەتیەکان، بەهێز کردنو پەرەپێدانی تەشکیلاتی نهێنی، دامەزراندنی پەیوەندیی قووڵ لەگەڵ هەموو دامەزراوەو دەزگا جەماوەریەکان، جەوهەری سیاسـەتو هەڵوێسـتەکانی کۆمەڵە پێک دەهێنێـت. پەیوەندی لەگەڵ بەشـەکانی دیکەی بزووتنەوەی کوردسـتانو حیزبە سیاسـیەکانیان، هەوڵ بۆ بەهێز کردنی دەسـتکەوتەکانی خەڵکی کوردسـتان لـە هـەر پارچەیەکو دەسـتێوەرنەدانی راسـتەوخۆ لە

کاروبـاری ناوخۆیانـدا ویـڕای پاراسـتنی هەڵوێسـتی ڕەخنەگرانـە، بردنـە سـەرەوەی ئاسـتی پەیوەندیـی دیپلۆماتیـک لە بـواری جیهانیداو پتەوکردنـی دۆسـتایەتی لەگەڵ ڕەوتە دیموکراتو پێشـکەوتنخوازەکانو حـوزووری چالاکانـەی کۆمەڵە لەم مەیدانەدا، لە گرینگترین ئەرکەکانی تەشکیلاتەکانی کۆمەڵە دەبێت.

دوای بیسـتنی ڕاپۆرتـی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی، کۆنگـرە کەوتـە قسـەو بـاس لەسـەر ئـەم ڕاپۆرتـەو بە قسـەو باسـی نوێنـەرانو تێبینیو پێشـنیارەکانیان، ڕاپۆرتەکـەی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی کامڵتر کرا. لە ئەنجامدا کۆنگرە بە دەنگی زۆرینەی هەرە زۆری دەنگەکان ڕاپۆرتەکەی پەسند کرد.

باسـێکی دیکـەی کۆنگـرە "بەرنامەی سیاسـی کۆمەڵە" بـوو کە دەقی سـەرەتاییو پێشـنیارکراوەکەی لە ڕۆژی یەکەمدا لە ناو نوێنەراندا بڵاو کرابـۆوە. ئـەم پێشنووسـە بـووە هـۆی باسـی گەرمی سیاسـی، فیکریو سـتراتیژیک. کۆنگـرە لـەم باسـەدا شـایەتی بـاسو جەدەلـی گـەرم، هاوڕێیانـەو دۆسـتانە بـوو کە ڕەنگدانەوەی گەشـەی فیکریو سیاسـیو ئەزموونـی چەنـد دەیـە کارو خەباتـی پێـوە دیار بـوو. لـەم بەرنامەیەدا هێڵـە سیاسـیەکانمان لەمـەڕ هەمـوو پرسـە کۆمەڵایەتـیو ئەمڕۆییەکانـی کۆمەڵگـەی کوردسـتان بـە ڕوونـی وێنـا کراوە. هـەم پێداگری لەسـەر ڕەوشـتی عەداڵەتخوازانـەو سۆسیالیسـتیی کۆمەڵە لـە هاوتەریب کردنی لەگـەڵ دیموکراسـیو پلۆرالیـزم کـراوە، هـەم ڕوون کراوەتـەوە کـە کۆمەڵـە حیزبێکـی کوردسـتانیەو خەباتکاری ڕێـگای ڕزگاریی خەڵکی کوردسـتانەو بـەم پێیـە حیزبـی ڕزگاریـی نەتەوەیی ئـەم خەڵکەیە. پاش قسـەو باسـەکان، بەرنامەی سیاسـی لە کۆنگرەدا پەسـند کراو بۆ کامڵ کردنو پێداچوونەوەی پێویسـت، کۆمیسیۆنێکی هەڵبژێردراوی کۆنگرە

پێی سپێردرا دوای ئامادە کردن، بڵاوی بکاتەوە.

لە باسی پێڕەوی ناوخۆدا باسەکانی کۆنگرە شیاوی سەرنجو پڕ لە قسەو دیالۆگ بوو. دەقی پێشنووسی پێڕەوی ناوخۆ چەند حەوتوو پێشتر بڵاو کرابۆوەو لە چەندین سمیناردا خرابووە بەر باس. هەربۆیە لە باسەکانی ئەو دانیشتنەی کۆنگرەدا، پێشنیارەکان بە نووسراوە پێشکەش دەکران. هەمووان پێداگر بوون لەسەر پێڕەوێکی دیموکراتیکو گونجاو لەگەڵ حیزبێکی خەباتکارو خاوەن دیسپلینو لەمەڕ گۆڕانکاریەکانی پێڕەوی ناوخۆدا هەوڵی کامڵ کردنیان دەدا. لەم پێڕەوەدا بە ئاشکرا پێداگری لەسەر زیاتر کردنی دەسەڵاتی تەشکیلاتە ناوچەییەکان کراوە. بەتایبەت دەستی تەشکیلاتی ناوخۆی کوردستان (تەشکیلاتی نهێنی) بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆی ئاوەڵاتر کراوەو میکانیزمی دیموکراتیک بۆ نزیکتر کردنەوەو پتەوتر کردنی پەیوەندیی ڕێبەرایەتیو تەشکیلات، بەشداریی زیاتری ئەندامانو کادرەکان لە چارەنووسی سیاسییاندا، بۆ کۆنترۆڵو چاوەدێری کردنو دامەزراندنی دەزگاو دامەزراوەی سەقامگیری حیزبی، پێناسە کراون. پێڕەوی ناوخۆ بە تێکڕای دەنگ لە لایەن نوێنەرانەوە پەسند کراو لەو دانیشتنەشدا بە کۆمیسیۆنی بەرنامە سپێردرا چاکسازیو گۆڕانکاریەکان لە پێڕەودا بگونجێنێتو بڵاوی بکاتەوە.

دانیشتنێکی دیکەی کۆنگرە تایبەت بوو بە بڕیارە پێشنیار کراوەکان کە کۆمەڵێک پێشنیار لە لایەن نوێنەرانەوە لە بواری جۆراوجۆردا پێشکەش بە کۆنگرە کراو پەسند کران کە لە دووتوێی بەڵگەنامەو پەسندکراوەکانی کۆنگرەدا چاپو بڵاو دەکرێنەوە.

دانیشتنی کۆتایی کۆنگرە، تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی. لەم دانیشتنەدا کۆنگرە پێداگری کرد لەسەر پێویست بوونی

ڕێبەریەکـی بەریـن، بەشـداریی نەوەی نـوێ، خاوەن بەڵێـنو وەفادار بە پەسـندکراوەکانی کۆنگـرە، خەباتـکارو مێلیتانـتو خـاوەن پەیوەنـدی قووڵـی سیاسـیو خەباتکارانـە لەگـەڵ خەڵـکو تەشـکیلات. لەم باسـەدا وێـڕای تاوتـوێ کردنـی ڕەخنەگرانـەی کاری ڕێبەریـی کۆمەڵـە لـە ڕابـردوودا، چاوەڕوانیەکانـی خەڵـکو بزووتنەوەی کوردسـتان لە وەها ڕێبەریەک بە ڕوونی باس کرا.

لە ئەنجامدا کۆنگرە بە جەخت کردنەوە لەسەر ڕێبەریەکی بەرینو بە بەشداریی کادرەکانی تەشکیلاتی نهێنی، تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگەو تەشـکیلاتی دەرەوەی وڵات، هەڵبژاردنێکـی دیموکراتیکـی بەڕێـوە برد. ئامـادەی ژمارەیەکـی بەرچاو بۆ کار لە ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەدا، ئامادەیی ژمارەیـەک لـە کادرە لاوەکان بـۆ بەشـداریی لە بازنەی ئـەم ڕێبەریەدا، هەڵبژاردنـی کۆمیتـەی ناوەندیـی کـردە مەیدانـی هەوڵێکـی بەریـن بـۆ یەکڕیزیـی گشـتیی کۆمەڵـە. پرۆسـەی نـە زۆر درێـژی هەڵبژاردن، ڕێکـوپێکی دەنگدانو ئەنجامەکانی نیشانیدا کە باسەکانی چەند ڕۆژی کۆنگـرە ئاوێتەیی قسـەو کردەوەی پێویسـتی بۆ کۆمەڵـە دابین کردووە کە لە دۆخی ناسـکی ئێسـتادا بەڕاسـتی زۆر پێویستە. لە ناو ئەندامانو کادرەکانـی تەشـکیلاتی نهێنیدا ژمارەیەک ئەنـدامو جێگری کۆمیتەی ناوەندی لە پرۆسەیەکی تایبەتو بە ڕەچاو کردنی تێبینیە ئەمنیەتیەکان هەڵبژێردران.

ئەم کۆنگرەیە کە ڕوحی چاکسازیو ڕەخنەی واقیعیانە لە ڕابردووو کەموکوڕیـەکان بەسـەریدا زاڵ بـوو، لـە فەزایەکـی پـڕ لە قسـەو باسو دیالۆگـی سیاسـیو فیکریـی گـەرمو دیموکراتیک و بـە ڕەچاو کردنی پەیوەندیـی سیاسـیو خەباتکارانـەی قووڵتـر لەگـەڵ کۆمەڵانـی خەڵکـو بزووتنـەوە کۆمەڵایەتیـەکانو زیاتـر کردنـی توانـای خەباتکارانـە لـە

ڕێبەرایەتیو هەموو پێکهاتەی حیزبیدا، کۆتایی بە کاری خۆی هێناو هاوڕێیانی بەشە جۆراوجۆرەکان بە دووبارە کردنەوەی بەڵێن بۆ خەباتی شێلگیرانەو هاوبەش، گەڕانەوە شوێنی چالاکیو ژیانیان.

کۆنگرە دوای ٥ ڕۆژ کاری چڕوپڕو دانیشتن، دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە 1٥ی پووشپەڕی 1387 لە ڕێورەسمی کۆتاییدا بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەو لایەنگرانو دۆستانی کۆمەڵە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**18ی پووشپەڕی 1387 _ 8ی ژوویەی 2008**